تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

کتێب سووتانی ئێران و میسر

نووسەر: ئوستاد مطهری

وەرگێڕ: عەزیز حەسەن نجاتی



کتێب سوتانی ئێران و میسر

نووسەر: ئوستاد مطهری
وەرگێر: عەزیز حەسەنخاڵی

بسم الله الرحمن الرحيم

انتشارات صدا و سیمای جمهوری اسلامی ایران

تهران، خیابان استاد مطهری، نبش خیابان دکتر مفتح، ساختمان جام‌جم.

چاپ اول: ۱۳۶۳

حروفچینی: لاینوترون انتشارات سروش

این کتاب در سه‌هزار نسخه در چاپخانهٔ تك چاپ و صحافی شد.

همهٔ حقوق محفوظ است.

شەپۆلی راگەیاندن

لەو مەبەستانەی کە پێویستە سەبارەت بەپێوەندی نێوان ئیسلام‌و ئێران باسی لێ بکرێ، مەبەستی کتێب سووتان‌لە ئێران بو بە دەستی موسوڵمانەکان کەزاڵ بوون بەسەر ئیران‌دا.

نزیکەی نیو سەتەیە کە بەرزدی لەسەر ئەو مەبەستە دەرۆن‌و وتار بڵاو ئەکەنەوە. ئەو درۆیە وەها، راستەقینە نیشان دراوە کە لە کتێبە سەرەتایی یەکان‌و، نێوەندی‌و، زانستگەییش ـ کەنابێ جگە لە مەبەستی راست‌و دروست شتێکی‌تر لە واندا باسی لێ بکرێ‌و، نابێ شتی رون‌نەکراوەوە ئاوێتەی زەین‌و بیری ساکاری مناڵان‌و دەرس خوێنەکان بکرێ ـ باسی لێ‌کراوە.

ئەگەر ئەو بەسەر هاتە ـ لە رواڵەتی مێژوییدا ـ راست‌و باوەر پێ کراو بێت‌و موسوڵمانەکان کتێبخانە یا کتێبخانە کانیان لە ئێران و میسر ئاور تێ بەر دابێ، ئەکرێ بگوترێ کە ئیسلام شێوەو خدەی خاپور کردنی بوە، نەك دروست‌کردن و پێك‌هێنان. بە لانی کەمەوە، دەکرێ بگوترێ کە ئیسلام هەر چەند بەرهەم هێنەری شارستانێتی و فەرهەنگێك بوە، بەڵام رووخێنەری فەرهەنگ‌و شارستانێتی‌تر بوە.

کەوایە، لەبەرانبەر ئەو خزمەتانەی بەئیرانی کردوە، زەرەرو زیانیشی پێ گەیاندوە و ئەگەر لەلایەکەوە «بەخشندەی نیعمەت» بوە؛ لە لایەکی ترەوە، بوتە «بەڵا یەکی گەورە».

لەدەور و بەری ئەو مەبەستە کە بە راستی لە ئێران‌دا، کتیبخانە هەبوون‌و کانگەی زانست‌و فێرگەی وەك مەدرەسەی سەرەتایی و ناوەندی و زانستگە بوە و

هەمووی بە دەستی موسوڵمانانی سەرکەوتوو لەناو چوە، ئەوەندە وێژراوە و نووسراوە کە بۆ هێندێ ئێرانی کە لەو بارەوە ناشارەزان وردە، وەك بیر و بروایەکی راستەقینە، جێگەی بۆخۆی کردۆتەوە.

وتەی دوکتورێك

چەند ساڵ لەمەو بەر ژمارەیەك لە مەجلەی *تندرُست*ـ کە مەجلە یەکی تەنیا پزشکیە ـ کەوتە دەستم. لەو دا، کورتە یەك لەوتاری یەکێك لەدوکتورەکانی بەناوبانگی ئێران، لە زانستگا یەکی وڵاتەکانی رۆژئاوا نووسرا بوو. لەو وتارە دا، دوای ئەوە بەناوەرۆكو مانای شیعرەکانی سەعدی کە ئەڵێ:

«بنی‌آدم اعضای یك پیکرند» ئیشارەی کردوە و تووویە: بۆ یەکەمجار ئەم شاعیرە بیرو بروای کۆمەڵی نەتەوە یەك گرتوکانی بە دڵ‌دا هاتوە، بە وتاری خۆی بەم چەشنە درێژەی دابوو:

«یونان لە رابردوو دا، جێگەی شارستانێتی‌و ژیان‌باشی بوە. فەلاسفەو زانایانی گەورەی وەك سقراطو... بوە؛ بەڵام ئەوەی بگونجێ بە زانستگەی ئەمرۆی دابنێین، بەراستی هەر ئەو فێرگە بووە کە خوسرەو ـ پاتشای ساسانی ـ دای مەزراند و لەشوش پێتەختی ئێرانی ئەو وەختە، کانگەو زانستگەیەکی گەورە، بەناوی «گوندی شاپور»... بوە ئەم زانستگەیە بە درێژایی چەند ساڵ هەر ماو راوەستاو بوو، هەتا لەکاتی هێرشی عەرەبەکان بۆ ئێران وەك دەزگا، دامەز راوەکانی دیکەی ئێمە، لە ناو چوو، و هەرچەند ئایینی پیرۆزی ئیسلام ئاشکرا و پتەو رای‌گەیاندوە:

«زانست ئەگەر بێتو لەوڵاتی چین دەسکەوێ، ئەبێ وەدەستی بخەن»، عەرەبە زاڵ بوەکان، ـ بەپێچەوانەی دەستووری ئاشکرای پێغەمبەری ئیسلام ـ حەتتا کتێبخانەی کۆمەڵایەتی ئێرانیان ئاگرداو تەواوی دەزگا، دامەزراوەکانی زانستی ئێمەیان لەناو برد. لەوکاتەوە تا درێژایی دو سەتە، ئێران لەژێر دەسەڵاتی عەرەبەکان دا، ماوە (١).

١) مەجلەی (تندرست) ساڵی ٢٤، ژمارەی ٢.

رەخنە

لەم چەشنە و لەم ئاکارە، کە بەبێ ناوبردنی هیچ بەڵگەیەك، مەبەستی ئاوا ئەوتریێو ئەنوو سریێ زۆرو زەوەندن.

ئێمە بەر لەمە، دەس کەین بە لێکۆڵینەوە یەکی مێژوییو، وتەی ئەو کەسانەی کە هەر بەقسە، لیزگە دەلیلێکیان هۆنیوەتەوە، رەخنەی زانیاری بگرین، وڵامی ئەو دوکتورە بەرێزە، کە بەمچەشنە لە کۆرێکی پزشکی جیهانی دواوە، کە بە رواڵەت زانیاری مێژویی ئەوانیش لەم دوکتورە زیاتر نەبوە، عەرز ئەکەم:

یەکەم: دوای دەورەی یونانو بەرلە دامەزرانی زانستگەی گوندی شاپور، لەئێران، زانستگەی گەورەی تەسکەندەرییە بوە، کە دەگەڵ زانستگای گوندی شاپور، شیاوی هەلسەنگاندن و بەرانبەری نەبوە.

موسوڵمانەکان کە لە سەتەی دووەمی کۆچی و بگرە کەمێکیش لە سەتەی هەوەڵی کۆچیدا، دەستیان کردوە، بە وەرگرتنو وەرگێرانی بەرهەمە زانستیەکانی بێگانە بەزمانی عەرەبی؛ تارادەیەکی زۆر لە شوێنەوارو ئاساری ئەسکەندەرانی کەڵکیان وەر گرت. درێژەی ئەمە لەکتیبەکانی سەبارەت بەم مەبەستە، ئەگونجێ وە دەست بخەین.

دووەم: زانستگای گوندی شاپور ـ کەزیاتر کانگەیەکی پزشکی بوە ـ چکۆلەترین سەدەمەی لەلایەن عەرەبەکانی سەرکەوتووەوە نەدیوە وتاسەتەی سێهەمو چوارەمی کۆچی بە ژیانی خۆی درێژەی داوە. دوای ئەوە، کە کانگای گەورەی زانستی بەغدا، دامەزرا، زانستگەی گوندی شاپور چرای دەسەڵاتی کوژاوەو کەم کەمە لەناو چوو. خەلیفەکانی[1] عەبباسی، بەر لەمە، بەغدا بیێتە کانگای زانست، لەوجودی ئەستێرە ناسان و پزشکانی ئەو گوندی شاپورە، لە دەزگای خۆیاندا، کەڵکیان وەرگرت، *ابن ماسویه* کانو بختیشوع کان، لە سەتەی دووەم و سێهەمی کۆچی لەو زانستگەیە دەرس خوێندنیان تەواو بوە؛ کە وابوو، ئەم قسەیە کە زانستگای گوندی شاپور، بەدەستی عەرەبە زاڵ بوەکان لەناو براوە، ئەو پەری بێخەبەریە.

سێهەم: زانستگای گوندی شاپور زانایانی مەسیحی ـ کە سەبارەت بە ئایینو

---

١) راستترو جوانتر ئەویە «پاتشا»یان پێبڵێن تا «خەلیفە».

نەتەوە، سەر بە مەڵبەندو حەوزەی رووم (انطاكيه) بوون ـ هەڵیان دەسووراندو کاروباریان بەرێوە دەبرد، رۆحی ئەم زانستگایە، مەسیحی روومی بوو، نەك زەردوشتی ئێرانی. هەڵبەت ئەم زانستگایە لە روالەت، جوغرافیایی، ولەباری سیاسیو شارستانێتی سەر بەئێران و پێوەندی لەگەڵ ئێرانبوو، بەڵام رۆحو هەناوێك کە ئەم زانستگایەی بەدی هێنابوو، هەناوێکی دیکە بوو، کە لەپێوەندی سەرۆکە کانی ئەم زانستگایە، بەدەزگای غەیری زەردوشتی سەرچاوەی ئەگرت. هەر وەکوو هێندێ لە کانگاکانی زانستی دیکە، لە (ماوراءالنهر) هەبوون کە لەژێر هۆ وهێزی بودائیە کان دامەزرا بوون.

دیارە رۆحی گەلی ئێران روحێکی زانستی بوە، بەڵام رژیمی موبەدی زەردوشتی داسەپاو بەسەر ئێران، لەدەورەی ساسانی دا، رژیمێکی دژی زانست بومو تا هەر رادەیەك کە ئەم رۆحە زاڵ بوە، بەرگری لەپەرە گرتنی زانست کردوە. هەربەم دەلیلە باشووری رۆژئاواییو باکووری رۆژ هەلاتی ئێران، کە لەدەسەڵاتی رۆحی ئایینی موبەدان، دوور بوە، فێرگە و زانستی جۆرا وجۆری تێدا بوە و لەجێگاکانی دیکە کەئەم رۆحە زاڵ بوە، داری زانست هەڵی نەداوە.

چوارەم: ئەم دوکتورە، بەریزە، کە وەك هێندێ کەسیتر، بەچەشنی مەلی تووتی، لاسایی خەڵك ئەکەنەوە و ئەڵێن: «زاڵ بوەکانی عەرەب کتێبخانەی کۆمەڵایەتی ئێمەیان ئاگر داوە و تەواوی دەزگاکانی زانستی ئێمەیان لە ناوبردوە»؛ باشتر ئەوە بوو، روونیان بکردایەوە، کە ئەو کتێبخانە کۆمەڵایەتیە، لەکام جێگا بوە؟ لە هەمەدان بوە؟ لە ئیسفەهان بوە؟ لە شیراز بوە؟ لە ئازەربایجان بوە؟ لە نیشابور بوە؟ لە تیسفون بوە؟ لە ئاسمان بوە؟! لە ژێر زەوی بوە؟! لە کام جێ بوە؟. چلۆنە، کە ئەوان و کەسانی دیکەی وەك ئەوان، کە ئەم وتانە دووپاتە دەفەر موونەوە، لە کتیبخانە یەکی کۆمەڵایەتی ـ کە ئاگر دراوە ـ ئاگادارن، بەڵام، لە جێگەی بێخەبەرن؟!.

نە تەنیا، لە هیچ بەڵگەیەك ئەو جۆرە مەبەستە ناو نەبراوە، بەڵکو هەرچەند بەسەر هاتی داگیرکردنی ئێرانو رووم بەوردیو روونی نووسراوە، نێوێك لە کتیبخانە یەکی ئێران، چ ئاگر درابێ و چ ئاگر نەدرابێ، لە هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی دا نیە.

بروای دوکتور شەفەق

لەناو نووسەرانی کتیبەکانی ئەدەبیو مێژویی و جوغرافیایی دەرسی، بۆپۆلی ناوەندی (دەبیرستانی) کە زۆربەیان بەچەشنی بەخشنامە مەبەستی سەرەوەیان دووپاتە دەکەنەوە، خوالیٚ خۆشبوو دوکتور رەزا زادەی شەفەق ـ کە پیاوێکی زانا بوو، و لەئینسافیش دوور نەبوو ـ تا رادەیەك چاوەدێری ئینسافی کردوە، ناوبراو، لە مێژوی ئەدەبیاتی پۆلی چوارەمی ئەدەبی دا، لەو بارە وە بەم چەشنە ئەنووسیٚ:

«لە دەورەی ساسانی شوێنەواری ئایینیو ئەدەبیو زانستیو مێژویی لە نووسراو و وەرگێراوەوە، زۆر بوە، هەر وەها لەو ئاگادارییانە کەسەبارەت بە شاعیران و لاوك وێژانی دەرباری، بەئێمە گەیشتوە، وا دەر ئەکەویٚ کە وتەی رێك (شیعر) بوەو سەرە رای ئەمەش، لەشێوەی وتەی مێژو، دەکریٚ تیٚ بگەین کە شوێنەواری ئەدەبی لە دەورانی پێشوو، زۆر بەر بڵاو بوە. بەڵکە تارادەیەك، تایبەتی دەرباریەکان و ئایینیەکان بوەو لەبەر ئەمە لەئاخرو ئوخری دەورەی ساسانی، ئاکارو ژیانی ئەو دوو چینە، یانیٚ دەر باریەکانو ئایینیەکان، بەهۆی زۆر بوونی چەوتیو چەپەڵی دەرباریەکانو، بەدی هاتنو پەیدا بوونی لكوپۆی جۆر بە جۆر لە ئایین‌دا، پیس بیوو. جا بەو هۆیەوە، ئەتوانین بڵێین: چلۆنایەتی ئەدەبی ئێرانیش، لەکاتی بەدی هاتنی ئیسلام، گرشەدار نەبوەو بەهۆی چەپەڵی ئەو دووچینە، ئەدەبیاتیش بەرەو نەمان دەرۆیشت.

زانست و فەرهەنگ لەناوچەی زەردوشتی

لە بەڵگەو نیشان، دەر ئەکەویٚ کە لەمەڵبەندی زەردوشتی، زۆر حەز لە زانستو فەرهەنگو نووسەری نەکراوە.

جاحِظ هەرچەند عەرەبە، بەڵام لایەنگری عەرەب نەبوە. چونکە دژی عەرەب زۆری نووسیوە. ئێمە ئێستا وتاریٚ ئەوتان بۆ دەگێرینەوە. لە کتێبی «المحاسن والاضداد»[1] دا، ئەڵیٚ:

«ئێرانیان زۆر حەزیان لە کتێب نووسین نەدەکرد، زیاتر دڵیان بە خانوو دروست کردنەوە بوو»

---

١) لاپەرەی ٤٠.

لە کتێبی «شارستانێتی ئێرانی»، نوو سراوەی پوٚلێك لە روٚژ هەڵات ناسان[٢] روونی ئەکاتەوە: نووسین، لە، ئایینی، زەردوشت و لە زەمانی ساسانیدا، رمێن و برەوی نەبوە.

روون کەرەوە کان، بروای تێکرایی یان هەیە کە حەتتا نووسینەوە و زیادکردنی نووسخەکانی ئەویٚستا، بەرگری لیٚ کراوە و بەربڵاو نەبوە، وا دیٚتە بەر چاو کەکاتیٚ ئەسکەندەر پەلاماری بوٚ ئێران هێنا، لە ئەویٚستا تاقە دوو دانە زیاتر نەبوە، کە یەکیان لە شاری (ئیستەخر) بوە کە ئەسکەندەر ئاگری داوە.

بەم هوٚیەوە، دەرس و فێرگەو خوێنەری و زانیاری، لە ئاییینی موبەدی دا، بەتایبەت هەر بوٚ دەرباریەکان و پیاوە ئاییینیەکان بوەو بوٚ چینەکان وتاقمە کانی تر، بەرگری لیٚ کراوە. ئەوە بوو کە زانستو کتێب، پەرەی نەدەگرت چونکە بە تایبەت زانایان، لەچینی بەشخوراو هەڵدەکەون نە لەچینی تەسەل.

بەچکە پینەچی و چەکمەچی و گوٚزە کەرەکانن کە ئەبنە بوعەلی و ئەبوریحان و فارابی و موحەممەد زەکەریای رازی، نەك منالی خان و بەگ و بەچکەی گەورە ماڵان. جگە لەمەش، هەر بەو جوٚرە کە خوالیٚ خوشبوو دوکتور شەفەق ئەڵیٚ، ئەو دوو چینەش لەزەمانی ساسانی هەرکام بە چەشنیٚ، چەپەڵ ببوون و چینی چەپەڵ، چاوەروانی شوێنەواری زانستی و فەرهەنگی لیٚ ناکریٚ.

٢) لاپەرەی ١٧٨.

کەمتەر خـــەمی ئیرانیان لە راگرتنی شـــوێنەواری بەر لە ئیسلام

بێ گومان لە ئیرانی ساسانیدا، شوێنەواری زانستیو ئەدەبی زۆر تا کەمێك، هەر بوە. زۆر بەی ئـــەوانە، لە دەورەی ئیســـلامیدا، بەعەرەبی وەرگێر دراون و ماونەتەوەو بێگومان، زۆر لەو ئـاسار و شـوێنەوارە، زانسـتیو ئـەدەبییانە، لەناو چوون؛ بەڵام نەك بەهۆی کتێب سووتاندن، یان بەسەر هاتێکی لەم چەشنە، بگـرە بەمهۆی سروشتیە، کە هەر کاتێك ئاڵو گۆڕێك بەسەر بیرو بروای خەڵك دا دێتو فەرهەنگێك هێرش دەباتە سەر فەرهەنگێکـی دیکـە؛ بیرو باوەران، بۆ لای خـۆی رادەکێشێ فەرهەنگی کەونارا، بەچەشنێکی زۆر و زیانبار ئەخـرێتە بەر بێ بەزەییو سەرنج نەدرانو شوێنە وارەکانی زانستیِ و ئەدەبی سـەر بەو فـەرهەنگـە، بەهۆی نەبوونی چاوە دێریو دڵ پێوەنە بوونی خەڵك، کەمکەمە لەناو ئەچێ.

نموونەی ئەمە، ئەمرۆ، لە هێرشی فەرهەنگی رۆژ ئـاوا، بۆ سـەر فـەرهەنگـی ئیسلام ئەبینین.

فەرهەنگی رۆژئاوا، لەناو خەڵك دا بۆتە (باو)و فـەرهەنگـی ئیسـلامی لە (باو) کەوتوە. هەر بەم دەلیلە لەراگرتن و ئاموژگاری ئەوانەدا، تێ کۆشان نیە.

نوسخە بایەخدارەکان، لە زانستەکانی: طبیعی، ریاضی، ئەدەبی، فەلسـەفـی و دینی، لە کتیبخانە کانی تایبەتیدا، تا چەند سـاڵ لەمەو بەر بوە و ئێسـتا روون نیە چی لێ هاتوە و لەکوێیە؟

وای لێهاتوە، لە دوکانی بەققـاڵی دا کەڵکـی لێ وەر دەگیرێ، یان وەبەر با دراوە. بەپێی باسگێرانە وەی ئـوستاد (*جـلال‌الدین همائـی*)، ژمارەیەکی زۆر لەکتیبەکانی شاز و هەڵکەو تووی دەسنووس، کە (*باقـر مەجلسـی*) لە سـونگەی

دەسەڵاتێکــی کە لە زەمانی خــۆی دا بووی، لە گۆشــەو کەناری جیهــانی ئیسـلامی‌یەوە کۆی کرد بوونەوە ناوکتێبخـانەی خـۆی، بە گوترە، یان سـەنگ‌و تەرازوو، بە خەڵك فرۆشران.

بەپێی نەریت‌و یاسا، دەبێ لەکاتی گیرانی ئێران، کتێبان کە هێندێ لەوانە شـاز و هەڵکە وتوو بوون، لە کتێبخانە کانی تایبەتی خەڵکدا بووبێت. ئەگونجـێ تا دوو سێ سەتەش دوای گیرانی ئێران، راگیرابن؛ بەڵام دوای گیرانی ئێران و ئیسـلام هێنانی خەڵك‌و، وەبرەو کەوتنی خـەت‌و زمانی عەرەبی‌و لەبیر چـوونەوەی خـەت‌و زمانی پەهلەوی ـ کە ئەو کتێبانە، بەو خەت‌و زمانە بوون ـ ئـەو کتێبانەش، بۆ زۆر بەی خەڵك بێ کەڵك بوون‌و کەم‌کەمە لەناو چوون.

بەڵام ئەوەی کە کتێبخانە یا کتێبخـانان بوون‌و، دەزگا دامەزراوە کانی زانسـتی هەبوون‌و عەرەبەکانی زاڵبوو، لەکاتی گیرانی ئێران، ئەوانەیان بەئانقەسـت لەناو بردبێت، چیرۆکێکی خەیاڵی زیاتر نیە.

بەڵگە كانی تیتاڵكە رانی كتێب سوتان

ئیبراهیم پورداود ـ كە تا رادەیەك نیهادو دەرونی ئەو ئاشكرایە و بەوتەی خواڵی خوشبوو (قەزوێنی) لەگەڵ عەرەبو هەرچی لەلایەن عەرەبە، دوژمنە ـ تیّ كۆشاوە لە سووچو قوژبنی مێژو، ئەوەی شكی بۆی چوە (بەڵگە) بدوزیتەوە. ئەو شك بۆ چوانە، كە حەتتا ناكریّ ناوی (قەرینە) شیان لیّ بنریّ (ئەگونجیّ بە تێكدانو گۆران) لەگێرانەوە دا، بەنێوی بەڵگە بۆ كتێب سوتانی عەرەبەكانی زاڵ بوو لە ئێرانو وەبەر با درانی دەزگا دامەزراوە كانی زانستی ئێران، كەڵكی لیّ وەرگریّ.

دوای ئەو و لەسۆنگەی ئەو دا، تاقمێك كە لانی كەم چاوەروانی ئەوەیان لیّ ناكریّ كە بچنەژێر باری مەبەستی روون نەكراوەوە و باوەر پیّنەكراو، شوێنی ئەو كەوتونو لاسایی ئەویان كردۆتەوە.

خوا لیّ خوشبوو دوكتور موعین لەو كەسانەیە. دوكتور موعین لەكتیبی «مەزدیستاو ئەدەبی فارسی» لەو جێگایە دا كە ئاكامەكانی هێرشی عەرەب بۆ ئیران باس دەكا، هەڵی كوتاوەتە سەر ئەم مەبەستەو زیاتری ئەوانەی ئەیڵیّ لە قسەكانی پورداودە. ئەوەی بەناوی بەڵگە وتوویە، بریتین لە:

١ـ سرجان ملكم ئینگلیسی لە مێژوە كەی‌دا، ئەم رووداوەی ناوبردوە.

٢ـ لە زەمانی جاهلییەتو نەزانی عەرەبدا ئەو كاتە كە ئیسلام بەدی هات، خەڵك بیّزانستو نەخوێندەوار بوون، بەگوێرەی باسگێرانەوەی (واقدی) لە شاری مەككەدا، هاو زەمان لەگەڵ بەپێغەمبەری گەیشتنی حەزرەتی رەسولّ، ١٧ كەس لەقورەیش خوێندەوار بوون، دواپین‌ترین شاعیری بیابانی عەرەب (ذوالرّمە)

خوێندەوار بوونی خۆی دەشاردەوەو ئەیگوت: توانایی نووسین لە ناو ئێمەدا، بە بێ ئەدەبی دەناسری[١].

٣ـ *جاحِظ* لە کتیبی *اَلبیان وَ التَبیین* دا، ئەگێڕێتەوە کە: ڕۆژێك یەکێك لە سەرۆکەکانی بنەماڵەی قورەیش، منداڵێکی چاو پێکەوت کە خەریکی خوێندنەوەی کتیبی سیبویه بوو، نەڕاندی کە: «شەرم کە، ئەمە کاری مامۆستایان و سواڵکەرانە».

لەو، ڕۆژگارە دا، مامۆستایی یانی دەرس پێ کوتن‌و بارهێنانی منداڵان، لەناو عەرەبدا زۆر سووك‌و بێ بایەخ بوو چونکە مووچەی ئەوان، لەشەست درهەم زیاتر نەبوو. ئەم بەراتە زۆر بێ‌بایەخ بوو[٢].

٤ـ *ابن خلدون* لە بەشی «العلوم العقلیه واصنافها» (لە سەرەتای مێژووەکەی) ئەڵێ: کاتێ وڵاتی ئێران گیرا، لەو سەر زەوینە زۆر کتێب وە دەست عەرەب کەوت؛ *سعدبن ابی‌وقّاص* سەبارەت بەو کتێبانە بۆ *عمربن الخطّاب* نامەی نووسی و لەبارەی وەرگێڕانەوەی ئەو کتیبانە، بۆ موسوڵمانان ئیجازەی ویست. عومەر بۆی نووسی کە ئەو کتیبانە لە ئاو خات، چونکە ئەگەر ئەوەی لەو کتیبانە دایە، ڕێنموونیە خودا بۆ ئێمە ڕێگانیشاندەرێکی دیکەی وەرێ خستوە، و ئەگەر ڕێ‌ون کەرە، خودا ئێمەی لە خراپەی ئەو دوور خستۆتەوە. لەبەر ئەمە ئەو کتیبانەیان لە ئاو یا لە ئاگرخستو زانستەکانی ئێرانی، کە لەو کتیبانەدا کۆ کرابوونەوە، لەناو چوون، و وەدەست ئێمە نەکەوتن (١)

ابوالفَرَج لە مختصر الدوَل، و عبداللّطیف بغدادی لە کتیبی الافاده وَ الاعتبار، وقفطی لە تاریخ الحماءِ، لە شەرحی حاڵی یحیی نحوی و حاج خلیفه لە کشف الظنون، و دوکتور صَفا لە تاریخ علوم عقلی دا، سەبارەت بە سووتانی کتیبه کانی ئەسکەندەرییه بەدەستی عەرەب، وتاریان بڵاو کردۆتەوە (یانێ ئەگەر روون بیێتەوە کە عەرەبە سەر کەو تووەکان، کتیبخانەی ئەسکەندەرییەیان ئاور، تێ بەر دابێ، شوێن دەچێتەوە سەر ئەوەش لەهەر جێگەیەك کتێبخانەیەکیان دۆزیبێتەوە

١) وەرگێراو لە (تجلّیات ایرانی) لاپەڕەی ٣٧ و ٣٦.
٢) وەرگێراو، لە: مێژوی ئەدەبیاتی دوکتور سورەتگەر، لەبڵاو کراوە کانی «مؤسسەی وعظ و خطابه». لاپەڕەی ١٠.
١) بە گێڕانەوەی پورداود، لە یشتها، ج ٢، لاپەڕەی ٢٠.

سووتاند بێتیان. کەوا بوو دوور نیە لە ئێرانیش‌دا ئەم چەشنە کارەیان کردبێت.)
بەڵام شبلی نوعمان لە کتێبیلکەیەك دا، بە ناوی «کتێبخانەی ئەسکەندەرییە» وەرگێراوی فەخری *داعی*، و هەروەها ئاغای (مجتبی مینوی) لە مەجللەی سُخن‌ی ٧٤، لاپەرەی ٥٨٤، ئەم وتەیە (کتێب سووتانی ئەسکەندەرییە)ی بەدرۆ زانیوەو بڕوای پێ‌نە کردوە.

٥- ئەبو ریحانی بیرونی لە «ألاثار الباقیة» لەبارەی خوارەزمەوە ئەنووسێ کە: «چون قتیبەبن مسلم خوارەزمی دوای لەئایین وەر گەرانی خەڵك داگیر کرد، *اسکجموك* کرا بە حاکمی ئەوان ئاگادار بوو، و لەزانستی ئەوانی دەزانی، تێکرا لەناوبردو ئەوانی لە گۆشەو کەناری زەوی بڵاو کردەوە. لەبەر ئەمە، هەواڵە کان و چلۆنێتی حاڵی ئەوانە، تاوەها رادەیەك نهێنیو شاردراوە ماوەتەوە، کە هیچ وەسیلەیەك بۆ ناسینی راستە قینەکانی حاڵو ئەحواڵی ئەو وڵاتە دوای بەدی هاتنی ئیسلام بە دەستەوە نیە»[1]. دیسان ابورەیحان هەرلەو کتیبەدا ئەنووسێ: «لەبەر ئەوە قتیبەبن مسلم نووسەرانی ئەوان (خوارەزمیان)ی کوشتو هەر*بزانی* ئەوانی کوشتو کتیبەکان و نووسراوە کانی ئەوانی سووتاند، خەڵکی خوارەزم «نەخوێندەوار» مانەوە، ئەو شتانەی کە پێویستی ئەوان بوو، تەنیا بەوانەی لە دڵ‌دا رادەگیرا، پاڵیان داوەو چون ماوە درێژەی خایاند و رۆژگارێکی درێژ، بەسەریاندا تێ‌پەری، مەبەستە پچوکەکانی هۆی جیاوازیان لە بیر چووە و تەنیا ئەو مەبەستانەی بڕوای گشتی بوون، کە لەبیر ئەوان مایەوە[2]».

٦- چیرۆکی کتیب سووتانی عەبدوللای کوری تاهیر، کە دەوڵەتشای سەمەرقەندی لە *تذکرةالشعرا* دا پێکیەوە ناوە.

***

ئەوانە تەواوی گوایە بەڵگە کانی خوا لێ‌خۆشبوو دوکتور موعین پێك دێنن، کە بۆ کتیب سووتان لەئێران‌دا هێناویە تەوە. لەناو ئەم دەلیلانە، بەڵگەی چوارەم کە لە *ابن‌خلدون* گێر دراوەتەوە، جگە لەمە لەگەڵ چیرۆکی کتیب‌سووتانی ئەسکەندەرییە، کە *ابن العبری* و *بغدادی* و *قفطی* ئەوەیان گێراوەتەوە و دەگەڵ

١) گێرانەوە لە پورداود لە (یشتها) ج ٢، لاپەرەی ٢٣ و ٢١.
٢) گێرانەوە لە «الاثار الباقیە» چاپی لیدن، لاپەرەی ٣٠.

ئەوەی حاجی *خلیفە* لە *کشف الظنون* دا باسی دەکا و بە شیاوی بروای دادەنێ، گرینگیەکی تایبەتی هەیەو ئێمە تەواوی ئەم دەلیلانە شی دەکەینەوە.

بەڵگەی حەوتەمیش هەیەکە خوا لێ خۆشبوو دوکتور موعین بەلایەوە نەچوە، بەڵام جورجی زەیدان‌و هێندێك لە نووسەرانی ئێرانی، زۆر بیرەوەری لێ دەکەن و بە بەڵگەی دوژمنایەتی عەرەب لەگەڵ کتیب‌و نووسین‌و زانست دەگرن و ئەویش ئەمەیە کە: خەلیفەی دووەم سەخت پێشی لە نووسین‌و نووسینەوەی کتیب دەگرت‌و بە هێنانەپێشی دروشمی: «حَسْبُنَا کِتابَ اللە» (ئێمە قورئانمان بەسە) سەخت‌و پتەو کتیب نووسین‌و بەرهەم هێنانی کتیبی بەرگری کردبوو، و هەرکەس دەستی بدابایە کارێکی ئاوا، بە تاوانبار دەناسرا. ئەم بەرگریە، تاسەتەی دووەم درێژەی خایاند و لە سەتەی دووەم را، زۆرە ملەی زەمان تێکی شکاند.

ئاشکرایە خەڵکێکی لانی کەم تا سەت ساڵ بە خۆیان بریارو ئیجازەی کتیب دانان‌و نووسین نەدەن، حاستەمە کە ئیجازەی کتیب نووسین‌و نووسەری لەو ماوەیەدا بە گەلەکانی تێ شکاو، درابێت.

ئێمە لە هەوەڵە وە، ئەو دەلیلانەی کە خوالێ خۆشبوو دوکتور موعین هێناویە تەوە، جگە لە بەڵگەی چوارەمی ئەوان، رەخنەگری و شی‌کردنەوەی لەسەر دەکەین‌و دوایە بە حەوتەمین دەلیل رادەگەین، ئەوکاتە بە درێژە باس لە بەڵگەی چوارەم دەکەین.

وتەی سرجان ملکم

ئەمما، بەڵگەی یەکەم یانی وتەکانی سرجان ملکم مان ئێمە لەکتێبی «*خزمەتەکانی دەستە واوی ئیسلامو ئێران*» بەشی دووم لەژێر سەر دێری «*دەر برینی بڕواکان*» رەخنەمان گرتوە و بێبایەخ بوونی ئەوانەمان روون کردوتەوە.

سرجان ملکم بە گوێرەی گێرانەوە لە کتیبی «*مەزدیستاو ئەدەبی فارسی*» ئەڵێ:

«پێغەمبەری عەرەبی، لە بەر بەرەکانی و سەرسەختیەکی کە ئێرانیان سەبارەت بە بەرایی لەوڵاتو ئاایینی خۆیان کردیان، بە چە شنێك توورە بوو، کە کاتێ بەسەریاندا زاڵ بوون، هەر شتێکی بە هۆی پتەو بوونی گەلویستی ئەوانیان زانی، دایانە بەر خاپووریو لەناو چوون. شارە کانیان وێران و ئاگرگە کانیان سووتاندو موئبەدەکان کە کاروبار و ئاموژگاری لە خزمەتەکانی گشتی و جێگای ستایش و نیایشیان بە دەست بوو، وەبەر شەمشیردا و کتێبەکانی پیاوە گەورە کانی گەل، بە تیگرایی ئەوانەی کە سەبارەت بە زانست نووسرا بوون، یا لەبارەی مێژو، و مەبەستەکانی ئایینی بوون و ئەو کەسانەی کە ئەو چەشنە کتیبانەیان لە دەست دا بوو، لەناو برد. عەرەبی سەختگیر لەو زەمانەدا، جگە لە قورئان نەکتێبێکی دیکەی دەناسی و نەدەویست بیناسێ؛ موئبەدەکانیان بە ئاگر پەرستو سیحرباز ئەزانیو کتیبەکانی ئەوانیان بە سیحرو جادوو، دادەنا. لە چلونایەتی کتێبەکانی یونانو رووم دەکرێ لێکی دەینەوە، کە کتیبەکانی وڵاتێکی وەك ئێران چەندە لەو «لافاوە بەجێ دەمێنێتەوە»[1].

---

١) بە گوێرەی گێرانەوە لە کتیبی مەزدیستاو ئەدەبی فارسی، لاپەرەی ١٣.

لە کتێبی خزمەتەکانی دەستەواوی ئیسلامو ئیران وتومانە: ئەوەی ئەم ـ دای بنێین ـ مێژو ناسە، ئەی‌لێ شتێکی تازەیە، چونکە لە هیچ بەڵگەو نیشاندەرێکی مێژویی دا، نابیندرێ. ناچار ئەبێ دای بنێین کە ئەم مێژو نووسە، بەڵگەو مەدرەکێکی وەدەست کەوتبێت کە چاوی هیچ حەڵاڵزادەیەك ئەوەی نەدیوە و، وەدەستی کەس نەکەوتوە، وبەچاکیشی نەزانیوە کە ئەو بەڵگەو مەدرەکە ئاشکرا بکرێ. بەڕاستی ناچارین وای دابنێین چونکە ئەگەر وای دانەنێین، خوای نەخواستە، لەبروا پاکی و ئەو پەڕی راستیو راستوێژی ئەم میژو نووسە پایە بەرزە ـ کە هەڵبەت هیچ راسپێر دراویەکی لەلایەن وزارەتی کاروباری دەرەوەی ئنگلستان بۆ نووسینی ئەم کتیبە نەبوە ـ هێندێك دڕ دۆنگ بینو ئەم کارەش چلۆن دەکرێ؟!

ئەوەی ئەم مێژو نووسە لەبەڵگەو مەدرەکی نەبیندراو دا، کە جگە لە «ئار شیوی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئنگلستان» لە جێگایەکی‌تر نابیندرێ دەستی کەوتوە، ئەمەیە کە:

یەکەم ـ بەپێچەوانەی وتەی تەواوی مێژوناسان، ئیرانیان بۆ پارێزگاری و بەرایی لە نیشتمان و ئایینی خۆیان، خۆیان دەگرت و پی‌یان دادەگرتو سەرەرای ئەو هەموو خۆگرتن و پی‌گرتنە و بەو هەموو خەڵکە زۆرە وە، کە زیاتر لە سەت و چل میلیون لەو زەمانەدا، داندراوە، بەم هەمو چەكو کەرەسەوە، لەکۆمەڵێکی چل پەنجا هەزار کەسی عەرەبی پاپەتی، کە سەبارەت بە ژمارە، کەمتر لە دەیەکی چەکدارە کانی ئێران بوون و لەبابەت چەكو کەرەسەی شەروە، شیاوی هەڵسەنگاندن نەبوونو فیلو فەنگی شەری ئەو زەمانە شیان زۆر نەدەزانی، تێ شکان. کەوایە بە بروای پتەو، ئەو تێ‌شکانە بەگوێرەی وتەی ئەم نووسەرە، ئەبێ بەحیسابی خوێریگەری گەلی ئێران دابندرێ نەك هۆی نارازی بوونی ئەوان لە حکومەتو ئایینو نارێكو پێکی ناو خۆ و نەك بە حیسابی سەرنج راکێشەری ئایینو ئیدئولوژی تازە، بە ناوی ئیسلام.

دووەم ـ شارەکانی ئێران بە دەستی عەرەبە موسوڵمانەکان، دەگەڵ خاك تەخت کران. ئەم شارانە، لە کام جێگا بوون و ناویان چی بوە و لەکام کتێبی مێژو دا، ناوی ئەوانە براوە؟! وەڵامەکەی سرجان ملکم، ئەبێ خۆی بیداتەوە.

سێهەم ـ موبەدەکانو کار بە دەستانی جێگاکانی ستایش وەبەر تیغو شەمشیر

دران‌و ئاگرگەکان بە ئـاگر سـووتێندران؛ بەڵام ئـەوەی کە مێژو نووسـانی وەك مەسعودی و موقەددەسـی‌و هی دیکـەی وەك ئـەوان نووسـیویانە، کە تا زەمانی ئەوان (سنووری سەتەی چـوارەم) هێشـتا ئـاگرگە کان ماون‌و لە جێی خـۆیان ماونەتەوە و حەتتا مەزنەکانی موسوڵمانان لە پەیمانی ئـاشتی‌دا، شـەرت ئـەکەن‌و بریار ئەدەن، کە جێگاکانی ستایشی ئـەهلی کتێب، لەو چـەشـنە مەجـوس، ئامۆژگاری لێ بکەن؛ مەبەستێکە کە ئاغای سرجان ملکم نایە وێ لەبارەی بدوێ.

چوارەم ـ کتێبەکانی زانستی‌و ئایینی ئێران و کەسانێکی ئەم کتێبانەیان لابوە، تێکڕا لە ناو چوون.

پینجـەم ـ عەرەبە موسـوڵمانەکان موبەدەکانیان بە سـیحرباز و کتێبەکانی مەجوسیان (زەردوشتی) بە سیحرنا و دەبرد. ئەمەش مەبەستێکە کە بۆ یەکەم جار لەزمانی ئەم مێژو نووسە بێ‌غەرەزە، دەکرێ ببیستری[١].

سرجان ملکەم لەسەتەی ١٣ ی کۆچی‌دا ژیاوە، و لەبەسەر هاتەکانی سەرەتای ئیسلام، نزیکەی ١٣ سەتە دوورە؛ ئەگەر ئەو بەمرۆڤێکی بێ‌کینەو سـاغ دابنێین، لەوبارە وە کە بۆخـۆی نەی دیون، وتەکانی ئـەو کاتە جێی بروایە، کە بەڵگـەو نیشاندەرێك بنوێنێ، وئـەو هیچ بەڵگـە یەك نیشـان ناداتو ناتوانێ نیشـان بدات چونکە وجودی نیە.

نەخوێندەواری عەرەب

ئـەمما دەلیلی دووەم ـ یانی مەبەسـتی (نەخـوێندەواری)و بێ‌سـەوادی عەرەبی پێش ئیسلام (دەورەی جاهلی)، مەبەستێکە کە قورئان بۆخۆی بروای بەوە هەیە، بەڵام ئەمە چ بەڵگەیەکە؟! ئـایا ئـەمە، کە عەرەبی جـاهلی (پێش ئیسـلام) نەخوێندەوار بوون دەبێتە دەلیل بۆئەوەی عەرەبی ئیسلامی کتێبیان سووتاندوون؟.

لەبەینی دەورەی جاهلی هەتا دەورەی پێشرەوی ئیسـلام ـ کە بیسـتو پێنج سـاڵ زۆرتری نەخایاند ـ قیامی قەڵەم، لەلایەن پێغـەمبەری مەزنەوە لەمەدینە پێك هات کە سەر سوورێنەرە.

ئەم عەرەبە نەزانە، رووی کردە ئایینێك کە راسپێردەی ئەو ئـایینە، «فـدیە»ی

١) خزمەتەکانی دەستەواوی ئیسلام‌و ئێران ـ چاپی شەشەم لاپەرەکانی ١٦١ و ١٦٢.

هێندێك لەو یەخسیرانەی ـ كە خوێندنەوە و نووسینیان ئەزانی ـ سەوادار كردنی منالّە موسولّمانانەكان دانا. پێغەمبەری ئەو ئایینە، كۆمەڵێك لە ئەسحابو یارانی خۆی بۆ فێر بوونی زمانەكانی غەیری عەرەب، وەكوو سریانی و عبری و فارسی هان دا. بۆ خۆی تاقمێك نزیكەی بیست كەسی «نووسەر» هەبوو؛ هەركام دەگەڵ چەند كەس كرانە لێپر سراوەی دفتەرێك و كارێك[١]. ئەم عەرەبەی «جاهلی» ڕووی كردە ئایینێك كە كتێبە ئاسمانیە كەی بەقەلەمو نووسین سوێند ئەخوا[٢] و (وحی) ئاسمانیەكەی دەگەڵ «خوێندنەوە»و «فێر بوون» دەس پێ دەكا[١]. ئایا كردەوەی پێغەمبەر و ڕێزگرتنی قورئان لە خوێندنەوە و نووسینو زانین، لە عەرەبی جاهلیدا، كە دڵیان بەلای قورئان و پیغەمبەرەوە بوو، نەبوّتە هوّی بەدیهاتنی هەستی خۆشبینی، سەبارەت بەكتێبو نووسینەوە وزانستو فەرهەنگ؟!.

شكاندنەوە ولەبەر چاو سووك بوونی مامۆستایی، لە لایەن قوریشەوە

بەڵام بەڵگەی سێهەم، یانێ بێ بایەخ بوونی مامۆستایی لەپێش چاوی قورەیشو عەرەبەكانی دیكە.

ئەڵێن قورەیشو عەرەب، بارهێنان و فێركردنی منالّەكانیان بەخوێندن و نووسین، بە سووكایەتی داناوە و كاری مامۆستاییان، بە كارێكی بەرز نەزانیوە و بگرە لەریشەوە خوێندە واریان بە شوورەیی ئەزانی.

لەو وتەیەدا، ئاشكرایە كە پیشەی مامۆستاییو دەرس كوتن، لەبەر كەم بوونی مووچە، بێبایە خیان زانیوە. یانی هەر ئەم شتەی، كە ئەمرۆ لەئێرانی خۆماندا دەی بینین. ئاموّژگارانو دەبیرانو مەلاكان لە چینەكانی كەم داهاتی كۆمەڵنو وێ دەچێ تاقمێك هەر بەم هۆیەوە، پیشەو ئەركی سەر شانیان دەگۆرن.

هەموو دەزانین كە ئەگەر لاوێكی ئاموّژگار، یا دەبیر یان مەلا، بچێتە خوازبێنی

١) ڕوانین لە كتیبیلكەی «پیامبر، اُمّی» نووسراوی مرتضی مطهری.

٢) ن وَالقَلَم وَما یسطرون، سورەی (قلم).

١) اِقرَاْ بِاسمِ رَبِكَ الّذی خَلَق، خَلَقَ الانسانَ مِنْ عَلَق، اِقرا وَرَبُكَ الاكرَم، اَلّذی عَلَّمَ بِالقَلَم، عَلَّمَ الاِنسانَ مالَم یَعلَم. سورەی (عَلَق)

کچێك‌و ئەو کچە خوازیێنی کەرێکی لەچینی کاسب وەیا، پەیمانکار و... هەبێ ئەگەر چی نەخوێندواریش بن، زیاتر (بەشاز هەڵدە کەوێ بە پێچەوانەی ئەوە بێت) کەس‌و کاری کچەکە، ئەوە بەباشتر دەزانن کە کچەکەیان بدەن بەو کاسبە یا پەیمانکارە، نەك بەو ئامۆژگار یا دەبیرە یان مەلایە. بۆچی؟

ئایا بەهۆی ئەمەیە، کەزانست‌و مەعنەوییەت واتە زانین‌و بیرو بروای بەرزو جیالەماڵی دنیا، سووك‌و بێبایەخ ئەزانن؟ هەڵبەت نا، پێوەند یەکی بە شکاندنەوەی زانست نیە، کچ بەشوو دان بەو چەشنە چینە هێندێك لەخۆ بوردنی پیویستە و هەموو کەس بۆ لەخۆ بوردویی ئاوا، ئامادەنین،

سەیرە، بەم دەلیلە کە یەکێك لە قورەیش کتێب خوێندنە وەی منالێکی شکاندۆتەوە، کەوا بوو عەرەب بە بەتەواوی دووژمنی زانست‌و نووسینەوە بوون، بەم هۆیە پیێ ناوەتە هەر جێگەیەك کتێبەکانی ئاگر داوە. ئەوە دروست وەك ئەمەیە، کە بڵێن بەم دەلیلە کە عوبەیدی زاکانی نووسەری زاناو شاعیری ئێرانی کوتویە:

ای خواجه مکن تا بتوانی طلب علم

کاندر طلب را تب یك روزه بمانی

واتە: ئەی ئاغا! تا دەتوانی، هەست‌و ویستی زانستت نەبێ کە لەو هەست‌و ویستەدا، بۆنانی تاقەرۆژیکیش دادەمێنی.

رو مسخرگی پیشه کن و مطربی آموز

تا داد خود از مهتر و کهتر بستانی

واتە: برۆ گاڵتەو هەرزەیی بگرە پیێش‌و سازو سەمافێر بە تامافی خۆت لەگەورە وپچوك بستێنی.

کە وابوو، گەلی ئێران تەواویان دوژمنی زانست‌و دژی خوێنەری‌و فێر بوون‌و لەهەر جێگەیەك کتێب‌و کتێبخانەیان دەس کەوێ، ئاوری تیێ بەر دەدەن و بەپێچەوانەی ئەمە، لایە نگری گاڵتەو گەمەو سەیرو سەمان؛ یاخۆ بڵێن «ابوحیّان تَوحیدی» بەهۆی هەژاری و دەس تەنگی تەواوی کتێبەکانی خۆی سووتاند، کەوابو، خەڵکی وڵاتی ئەو دوژمنی زانست‌و خوێنەرین.

کتێب سووتانی خوارەزم

ئەمما دەلیلی پێنجەم ـ یانێ ئەوەی ئەبو ریحان سەبارەت بەخوارەزم گێراویەتەوە، هەر چەند پاڵی بەمەدرە کێکەوە نەدادەو بێ بەڵگەیەو ئەبوریحان سەنەدێکی نیشان نەداوە، بەڵام لەبەر ئەوە ئەبو ریحان پیاوێکە کە جگە لە زانیاریەکانی دیکەی لە مێژو دا، لێکوڵەرە وەیە. و قسەی خوراییی ناکا، و لەگەڵ کارەساتەکە ماوە و نێوانیکی زەمانی زۆریان نەبوە؛ چونکە ئەو، لەنیوەی دووەمی سەتەی چوارەمو نیوەی هەوەڵی سەتەی پێنجەمدا، ژیاوەو خوارەزم لە زەمانی (ولیدین عبدالملك) نزیکەی ساڵی ٩٣ گیراوەو جگە لەمە، بۆخوی خەڵکی خوارەزم بوە، دوورنیە دروست بێ.

ئەوەی ئەبو ریحان گێراویە تەوە، یەکەم سەبارەت بەخوارەزم و زمانی خوارەزمی بوە، نەك بە کتێبەکانی ئێرانی کە بەزمانی پەهلەوی یا ئەوێستایی بوە. دووەم ـ ئەبو ریحان بۆخوی لە سەرەتای کتێبی «صیدلة» یا «صیدنە» ـ کە هێشتا چاپ نەکراوە ـ لەبارەی زمانەکانو لێهاتویی ئەوانە، بۆ دەربرینی مەبەستەکانی زانستی باس دەکاو زمانی عەرەبی، لەبەرانبەر فارسیو خوارەزمی بە چاکتر دەزانێو بەتایبەت سەبارەت بەزمانی خوارەزمی ئەڵێ: «ئەم زمانە بە هیچ چەشنێك توانایی ئەوەی نیە مەبەستە زانستیەکان بەیان بکاتو ئەگەر ئینسان بیەوێ مەبەستێکی زانستی بەو زمانە دەربرێ، وەك ئەوە وایەکە و شترێك لەسەر لوو ساوك رابویسێ[١].

بەم هۆیەوە، ئەگەر بەراستی لیزگە کتێبێکی شیاوی لێ روانین بەزمانی خوارەزمی بوویایە، نە ئەگونجا کە ئەبوریحان تائەم رادەیە، ئەم زمانەی بەزمانێکی ناتەواو بناسێنێ. ئەو کتێبانەی کە ئەبوریحان ئیشارەی پێ کردوون، دەستە کتێبێکی مێژوویی بوون، کە کردەوەی قتیبەبن مُسلم سەبارەت بە خەڵکی خوارەزم، لە دەوری ولیدبن عبدالملك رووی داوە، نەك لەزەمانی «خلفای راشدین» ئەگەر داستانەکە رەسەنبێو خاڵی لەچاوو راو بێ[١]، ئەوە کردەوەیەکی دژی ئینسانی و

---

١) بروانە کتیبی «لێ کوڵینەوە کان لە بارەی ئەبوریحانی بیرونی» بڵاوکراوەی دانشکدەی ئیلاهیات و مەعارفی ئیسلامی، مەقالەی ئاغای مجتبی مینوی.

١) ئاغای دوکتور زەررین‌کوب، لە «کارنامەی ئیسلام»ی رەسەن بوونی چیروکەکەی بە باوەرپێ نەکراو زانیوە.

دژی ئیسلامی بوه و دەگەڵ کردەوەی پیاوە سەرکەو توە کانی ئیسلام کە ئێران‌و روومیان گرتوە و زۆر بەیان هاواڵ‌و هاورێی پێغەمبەری خوداو لەژێر هوو دەسەڵاتی ئەو حەزرەتە دابوون، جیاوازی هەیە. لەسەر ئەو مەبەستە، کردەوەی ئەو حاکمە، کە لە خراپترین دەورەکانی خەلافەتی ئیسلامی (دەورەی ئەمەویان) رووی داوە، ناکرێ بیکەینە بەرجەوەندی کردەوەی موسوڵمانەکانی سەرەتای ئیسلام کەئێرانیان گرت.

لەو جێگەیە، کە شك بۆی دەچێ کە لە ئێران‌دا، دەمو دەزگای زانستی‌و کتێبخانە هەبوە، تیسفون، یا هەمەدان، یا نەهاوەند، یا ئیسفەهان، یا ئیستەخر، یا رەی، یا نیشابور، یا ئازەربایجانە، نەك خوارەزم. زمانێکی کە شك بۆی دەچی بەو زمانە کتێبە زانستیەکان بوون، زمانی پەهلەوی‌یە، نەك زمانی خوارەزمی، کەزاراوەیەکی ناوچەیی بوە. لە دەورەی ئیسلام‌دا، کتێبە ئیرانیەکان کە بە عەرەبی وەرگێر دراون، وەك «**کلیله و دِمنه**» بەهۆی «**ابن مقفـع**» و بە شێك لە «**مَنطِقِی اَرَسطو**» بەهۆی ئەو، یا، کورەکەی لە زمانی پەهلەوی، نەك زمانی خوارەزمی، یا زاراوەی ناوچەیی دیکە.

کریستن سن، ئەنووسێ:

«**عبدالملك‌بن مَروان**، بریاری دا، کتێبێك لە پەهلوی بە عەرەبی وەرگێرن»[١].

ئەمەی کە بەهێرشی هێرشبەرێك، شوێنەواری زانستی زمانێك بە تەواوی لەناوبچێت و خەڵك یەکجاری حاڵەتی نەخوێندەواری و بێسەوادی و بێخەبەری لە مێژوی رابر دووی خۆیان بەسەر دابێ، تایبەتی بۆ زاراوەکانی، بێبەرێنی ناوچەیی‌یە. ئاشکرایە کە هیچ کاتێك زمانێکی بەرگێراوی ناوچەیی ناتوانێ شێوەی زمانێکی زانستی لێ پەیدابێ و کتێبخانەیەکی خاوەن کتێبی جۆر بەجۆری پزشکی، ریاضی، طبیعی، نجومی، ئەدەبی، ئایینی، بەوزمانە لێ پێك بێ.

ئەگەر زمانێك بە رادەیەك لەبەر بڵاوی بگات، کە بتوانێ کتێبخانەی بریتی لە زانستی جۆر بەجۆر پێك بێنێ، بەپەلامارێك خەڵکەکەی یەکجاری بەگەلێکی نەخویندوار ناگۆرێن. هروژمێك لە هروژمی مەغول، ترسێنەرتر نەبوە. کوشتاری تێکڕایی بەمانای راستەقینە، لەهێرشی مەغول‌دا خۆی نیشان‌دا. کتێبان‌و

---

١) ئێران لە زەمانی ساسانیان‌دا، لاپەرەی ٨٦.

کتێبخـانان ئــاگر دران؛ بەڵام هیچ کاتێك ئــەم پەلامارە ترســێنەرە، نەی توانی شـوێنەواری زانسـتی کە بەزمانی عەرەبیو فــارسی بوون، بەتەواوی لەناو بباو پێوەندی بەرەی دوای مەغول، لەگەڵ پێش مەغول، بپچڕێنێ. چونکە شوێنەواری زانستی بەزمانی عەرەبیو حەتتا بەزمانی فارسی، بەر بڵاوتر لەوە بوو کە بەچـەندین کوشتاری تێکڕایی لەناو بچــێ. کەوابو، ئـاشکرا دەبێ، کە ئــەوەی لەخــوارەزم لەناوچوە، ـ ئەگەر بێتوو ئـەو باسگێرانەوە، بایەخـدار بگـرین ـ جگــە لە هێندێك شوێنەواری ئەدەبیو ئایینی زەردوشتی، کە لە کاکڵەو ناوەرۆکی ئەم چەشــنە کتێبە ئایینییەش شارەزاین، شتێکی دیکە نەبوە و ئـەبوریحـانیش زیاتر لەمەی نەوتوە. سەرنج دان لەوتەی ئەبوریحـان نیشـان ئـەدا، کە مەبەسـتی کتێبەکانی مێژوییو ئایینییە.

کتێب سووتانی عبدالله کوڕی تاهیر

ئەمما بەڵگەی شەشەم، یانیٚ چیرۆکی کتیب سـووتانی عبداللەبن طـاهر. ئـەم داستانە شیاوی بیستنەو سەیرو سـەمەرەیە، کە خـوا لیٚ خـۆشبوو دوکتور موعین، ئەم چیرۆکەی بەناوی بەڵگە یانیشانەیەك لە کتێب سووتانی ئێران بەهۆی عەرەبە سەرکەوتووەکان بەسەر ئێران‌دا هێناویەتی.

عبداللەبن طاهر ذوالیمینین، سـەرداری بەناوبانگـی ئێرانی زەمانی مەئمونە، کە فەرماندەری لەشکری خوراسان لەشەری نێوان ئـەمین و مەئمون ـ کورەکانی هارون‌الرشـید ـ بەلایەنگـری لە مەئمون بوو بەسـەر عەلی کوری عیسـادا ـ کە عەرەبو فەماندەی سوپای عەرەب لایەنگری ئەمین بوو ـ سەرکەوتو «بەغدا»ی گرتو ئەمین‌ی کوشتو، وڵاتی هارون‌ی بۆ مەئمون گرت.

طاهر، خۆی دژی عەرەب بوو، وبە، علّان شعوبی کە لە مەحکەمەی هارون دا، کاری دەکردو کتێبیکی سـەبارەت بە کردەوەی ناحـەزو شـوو رەیی یەکانی عەرەب نووسی بوو، سی هەزار درهەمی جایزە دا[1].

کوری ئەو، کەناوی عبدالله بوو، و داستانی کتێب سووتان دەچێتەوە سەر ئـەو، سەربنەچەکەی طاهریان‌ە. یانیٚ بۆ یەکەم جـار، بەهۆی ئـەو خـوراسان سـەر بە خویی راگەیاندو دەوڵەتێکی سەر بەخۆی پێك هێنا.

عبدالله وەك باوکی، سروشتی دژی عەرەبی هەبوو. بەو حـاڵەوە، سـەیر بوونی مێژوو سەر سـوورینەری ئیسـلام بروانە! هەر ئـەو عبدالله ئێرانیەی دژی عەرەبە،

---

١) احمد آمین، ضحی‌الاسلام، جزمی یەکەم، لاپەرەی ٦٤.

که له بابەت هێزو توانایی‌یەوە، بە ڕادەیەك گەیشتوە کە لەبەرانبەر خەلیفەی بەغدا، سەر بەخۆیی ڕاگەیاندوە کتێبە ئێرانیەکانی بەر لە ئیسلام، بە بۆنەی ئەوە، کە بەبوونی قورئان تەواوی ئەوانە بێهودەن، ئاگر دەدات.

ڕۆژێ کەسێك هاتە دەرباری عبدالله کوری تاهیر لە نیشابوور، و کتێبیکی فارسی زەمانی پێشووی پێشکەش کرد. کاتێ پرسیان چ کتێبێکە؟ وڵامی داوە: چیرۆکی «وامق‌و عەرزایە» و ئەو چیرۆکە شیرینە، زانایان نووسیویانە تەوەو پێشکەشیان کردوە بە ئەنەو شیروان. ئەمیروتی: ئێمە قورئان دەخوێنینەوە و نیازمان بەو کتێبانە نیە. فەرمایشی خودا و پێغەمبەر بۆ ئێمە بەسە، جگە لەمە ئەم کتێبە ئاگر پەرستەکان نووسیویانەو لە پێش چاوی ئێمە ترۆکراوەو وەلانراوە. دوایە بریاری دا، کتێبەکەیان لەئاو خستو دەستووری دا، لەهەر جێگەیەك لە وڵاتی ژێر فەرمانی ئەو، کتێبێکی بەزمانی فارسی، بەقەڵەمی مەجووس بدۆزرێتەوە، لەناو ببرێت[١].

بۆچی وای کرد؟ من نازانم، شکی زۆر بۆئەوە دەچێ، بەهۆی قین‌و کینەیەك بێ، کە ئێرانیان سەبارەت بە ئاگر پەرستەکان بوویان. بە هەر حاڵ ئەم کارە، عبدالله کوری تاهیری ئێرانی کردی، نە عەرەب. کەوایە ئەم کارە، نە تەنیا بەحیسابی عەرەب، بەڵکە بۆعەرەبی سەتەی سێ‌هەمیش ناکرێ دابندرێ، چ بگاتە عەرەبی سەتەی هەوەڵ‌و دەورەی سەحابە.

ئایا ئەکرێ کارێکی عبدالله کردی، بەحیسابی تەواوی ئێرانیان دابنێین کە هەر لەبنەڕەتا، ئەم چەشنە بیرو هەستەیان بوە، کە هەر کتێبێك جگە لە قورئان وە دەستیان بکەوتایە، ئەیان سووتاند؟ ئەم جاریش نەخێر.

کردەوەی عبدالله کارێکی ناحەزبوە، بەڵام ئەمە، بەڵگەی ویستی ئێمەیە کەوتمان ئەو کاتە کە فەرهەنگێك ئەکەوێتە بەر شاڵاوی فەرهەنگێکی دیکە، ئەوانەی شوێن فەرهەنگە تازەکە ئەکەون‌و حەزی لێ ئەکەن، بە چەشنێکی زۆراوزۆرو زیانبار، شوێنەواری فەرهەنگی کەونارایان لەبەر چاو دەکەوێ. ئێرانیان کە لە فەرهەنگی تازەی ئیسلامی زۆر کەوتبوونە شادی و دڵخۆشی، دڵویستیەکیان سەبارەت بە فەرهەنگی پێشینە دەرنە دەبڕی بەڵکە، ئاگادارانە، بۆ لەبیر بردنەوەی

١) مێژوی ئەدەبیاتی مستر براون، جزمی یەکەم وەرگێراوەی عەلی پاشا صالح، لاپەرەی ٥١٠ نەقل لە دەوڵەتشای سەمەرقەندی.

ئەو، هەوڵیان ئەدا.

لە ئێرانیان، کردەوەی وەك کاری عبداللە کوری تاهیر، کە سەرەرای بێزهاتن لە خۆ خۆشەویستی عەرەب، ئەیەوێ بەناوی هاورەگەزیو هاوخوێنی، خۆی بەسەر خەڵكدا، داسەپێنێ، سەبارەت بە ئیسلام تاسۆیان نیشان داوەو ئەم تاسۆیەیان لەدژی شوێنەواری مەجوو سایەتی بەرێوە بردوە، زۆر ئەبیندرێ.

کتێب سووتان لە مێژو دا

ئەگەر مەبەست ئەمەیە کە کتێب سووتانی عبداللە کورِی تاهیر بە بەڵگە بگرنو بڵێن ئەم چەشنە کردەوە، لە دنیادا پێشینەی هەیە؛ پێویستی بەم جۆرە بەڵگە گرتنە نیە. دنیازۆر کەرەت کتێب سووتانی دیوەو ئەبینێ. لەزەمانی ئێمەدا، احمد کسروی جێژنی کتێب سووتانی هەبوو. مەسیحی یەکان لە بەسەر هاتی دڵتەزینی أندلس و کوشتاری تێکرایی موسوڵمانان‌دا، هەشتا هەزار کتێبیان لە ئاگر خست[١]. جورجی زەیدان‌ی مەسیحی، ئیقراری کردوە کە خاچیە مسیحی‌یەکان، لە هێرش بردن بۆ سەر شامو فەلەستین سێ میلیون کتێبیان سووتاند[١]. تورکەکان لە میسر، کتێب سووتانیان کرد[٢]. سوڵتان مەحمودی غەزنەوی لەشاری رەی، کتێب سووتانی کرد[٣]. مەغول کتێبخانەی مەروی ئاگردا[٤]. زەردوشتی یەکان لە دەورەی ساسانی‌دا، کتێبخانەی مەزدەکیە یان سووتاند[٥]. ئەسکەندەر، کتێبە ئێرانیە کانی ئاگردا[٦]. رووم نوسراوەکانی ئەرەشمیدۆس ریاضی‌زانی بەناوبانگی کردە خۆراکی ئاگر[٧]. لە دوایی‌دا، سەبارەت بە ئاورتێبەر دانی کتێبخانەی ئەسکەندەرییە،

١) مێژوی ئەندەلۆس ، نووسراوی خوالێ خۆشبوو موحەممەد ئیبراهیم ئایەتی‌و مێژوی شارستانیتی ئیسلام، جۆرجی زەیدان، وەرگێراوەی فارسی، جزمی ٣، لاپەرەی ٦٥.

١) مێژوی شارستانێتی، جزمی ٣، لاپەرەی ٦٥.

٢) مێژوی شارستانێتی ویل دورانت، جزمی ١١، لاپەرەی ٢٢٤.

٣) جورجی زەیدان، مێژوی شارستانێتی ئیسلام، جزمی ٣، لاپەرەی ٦٦.

٤) ویل دورانت، مێژوی شارستانێتی، جزمی ١١، لاپەرەی ٣١٥.

٥) کریستن سن، ئێران لە زەمانی ساسانیان‌دا، لاپەرەی ٣٨٥. دیسان شارستانێتی ئێرانی، نووسراوی کۆمەڵێك لە رۆژ هەڵات ناسان.

٦) الفهرست، ابن الندیم، چاپی قاهرە، لاپەرەی ٣٥١.

٧) الفهرست، لاپەرەی ٣٨٦.

بەدەستی مەسیحی یەکان باس ئەکەین.

جورج سارتون، لە مێژووی زانستدا، ئەڵێ:

«پروتاگوارس سوفستائی یونانی، لەیەکێك لە کتێبەکانی خۆیدا، سەبارەت بە حەق‌و حەقیقەت باسی کرد و وتی: وە ئەمما، خوداکان ناتوانم بڵێم هەن‌و ناتوانم بڵێم نین. زۆرشت هەن کە ئێمە لەتێگەیشتنی ئەم مەبەستە ئەگێرنەوە. یەکەمینی ئەوانە، روون نەبوونی خودی مەبەستەکەیە. ئەوی دیکە ئەمەیە: کە ژیانی مروف کورتە»[1].

سارتون ئەڵێ:

«هەر ئەم مەبەستە، بوە هۆی ئەمە کە کتێبەکانی ئەو، لە ساڵی چوار سەت‌و یازدەی بەرلە زایین، لە ناوەراستی مەیدانی شاردا، ئاگردران و ئەمە، یەکەم نموونەی نووسراو سەبارەت بە کتێب سووتان لە مێژودایە»[2].

بەرگری لە بەرهەم هێنان‌و کتێب نووسین لە لایەن خەلیفەی دووەم

وە ئەمما، دەلیلی حەوتەم، یانێ چیروکی بەرگری لێ کردنی پێك هێنان و کتێب نوسین لە جیهانی ئیسلامدا، کە لە هەوەڵەوە، بەهۆی خەلیفەی دووەم ڕاگەیەندرا و تاسەت ساڵ درێژەی خەیاند. ئەم چیروکەش شیاوی بیستنە، هەرچەند ئێمە، لە بەشی سێهەمی کتێبی خزمەتە کانی ئیسلام‌و ئێران بەیەکتر، بەباسی خزمەتەکانی ئێرانیان بە ئیسلام راگەیشتووین؛ لە بەشی خزمەتەکانی فەرهەنگی، لەژێر سەردێری: «پێك هێنان‌و کتێب نووسین لە کەیەوە دەس پێکرا»؟ ئەم مەبەستەمان روون کردوتەوە.

بەڵام ناچارین لێرەدا، ئیشارە بکەین کەئەوەی نیسبەتی ئەدەن بە خەلیفەی دووەم سەبارەتە بە نووسینەوەی فەرمایشەکانی پێغەمبەر.

لەسەرەتای ئیسلامەوە، لە نێوان عومەرو کۆمەڵێك لە سەحابە لە لایەك‌و، عەلی و هێندێکی دیکە لە لایەکی تر، سەبارەت بە کۆ کردنەوەو نووسینەوەی فەرمایشەکانی پێغەمبەر (ص) جیاوازی برۆا بوە.

---

١ و ٢) مێژوی زانست، وەرگێراوی، ئەحمەدی ئارام، لاپەرەی ٢٧١.

دەستەی یەکەم کە عومەر لەسـەرەوەی ئـەوان بوو، گوێ لێ گرتن‌و راگرتن‌و گێڕانەوەی فەرمایشەکانی پێغەمبەری بێبەرگری ئەزانی، بەڵام نووسـینەوەو پێك هێنانی ئـەمانەیان پێ ناحـەز بوو. بەڵێ، ئـەمەش بۆ تێبینی ئـەمە بوو کە مەبادا، لەگەڵ قورئان ئاڵ‌و گۆڕ بکـرێ. یا سـەرنجدان‌و روانین بە حـەدیس، جێگـای روانین‌و شوێن کەوتنی قورئان بگرێتەوە.

بەڵام دەستەی دووەم کە عەلی لەسـەرە وەی ئـەوان بوو، هەرلە هەوەڵەوە، بۆ نووسێنەوە وکۆ کردنەوەی فەرمایشە کانی پێغەمبەر (آحادیث نَبَوی) دنە دان وهان دانی دەکرد.

عامّە شوێن بروای خـەلیفـەی دووەم کەوت‌و تا یەك سـەتە، دەسـتی نەدا بە کۆکردنەوەو نووسینەوەی حەدیس.

بەڵام دوای یەك سەتە، عامەش لە بروای عەلی، پەیرەویان کرد.

کەوایە، مەبەست ئەمەنیە، کە بەر هەم هێنان‌و نووسینی کتێب لەناو عەرەبدا، بەپتوونی و سەبارەت بەهەر مەبەستێك بەرگری لێ‌کرابێ‌و نەتیجـە بگـرین‌و بڵێین گەلێکی کەبە خۆیان ئیجازەی نووسین‌و پێك هێنانی کتێب نەداوە، بەلائـی زیاترە وەش، نووسراوەکان‌و کتێبەکانی خەڵکی دیکەیان لەناوبردوە.

ئەمەی کە بەرگری لێ کراوە، یا بە ناحـەز زانراوە، سـەبارەت بە حـەدیسـی حەزرەت بوە، نەك شتێکی دیکە.

وتەی جورجی زەیدانو دوکتور سەفا

جـورجی زەیدان لە مێژوی شـارستانێتی ئیسـلامو دوکتور ذبیح‌الله صـفا، لە مێژوی زانستە کانی عەقلی لەئیسلامدا، و تارێکیان لەم بارە وە، هەیە کە حـەیفـە لێکی نەدەینەوەو نەی گێڕینەوە، دوکتور سەفا ئەنووسێ:

«بڕوای عەڕەب وەکوو بڕوای هەموو موسوڵمانان، ئەوە بوو، کە «**إنّ الاسلام یهدم ماقبله**» واتە: (ئیسلام بەر لەخۆی خاپوور ئەکا) وهەر بەم هۆیەوە، واچـوو بووە بڕوا ومێشکی موسوڵمانانەوە، کە جگەلە قورئان نەڕواننە شتێکیتر، چـوونکە قورئان بە تاڵکەرەوەی هەموو کتێبێك و ئیسلام بە تاڵکـەرەوەی هەموو ئـایینێکە. پێشەوا کانی ئایینی، خـوێندنەوەی هەرکتێبێك و حـەتتا هەر کتێبێکـی ئـایینی‌یان جگە لە قورئان قەدەغە کرد بوو.

ئـەڵێن ڕۆژێك، پێغـەمبەر (ص) لەدەسـتی عومەر دا، پەڕێك لە تەوڕاتی چـاو پی‌کەوت، وەها توو ڕەبوو، کە نیشـانەی تووڕەیی لە ڕووی‌دا، خـۆی نواند و ئـەو کاتەوتی:

«**الم آتکم بهـا بیضـاءِ نقیة والله لوکان موسـیٰ حیاما وسـعه الاّ اتباعی**» واتە: (ئایا ڕێو شوێنێکی گرشەدارو خاوێنم بۆ ئێوە نەهێنا؟ سوێند دەخۆم بەخودا، ئەگەر مووسا بۆخۆی زیندوو بوایە، ڕێگەیەکی جگە لە شوێن کەوتنی من نەبوو).

وە هەر وەها، بەو سونگە وەبوو، کە پیغەمبەر فەرمووی:

«**لا تصـدقوا اهل الکتاب ولا تذبوهم وقـولوا آمنّا بالذی أنزل علینا وانزل الیکم ولهنا والهم واحد**».

واتە: (ئـەهلی کتێب، لەوانەی بەناوی ئـایین ئـەی‌ڵێن، نەبڵێن وایە، نەبڵێن

درۆیە، بڵێن: بەوانەی بۆ ئێمەهاتۆتە خـوار، وبەوانەی بۆئێوە هاتوە ـ نەئـەوەی لە خۆوە دروستتان کردوە بڕوامان هەیە، خوای ئێمەو ئێوە، یەکێکە).

یەکێك لە حەدیسەکانی بەناوبانگی ئەو زەمانە، ئەمەبووکە: **کتاب الله فیه خبر ماقبلکم ونبا مابعدکم وحکم مابینکم.**

واتە: (لەکتێبی خـوا دا، سـەر گوزەشـتەی پێشـینیان، تیٚبینی داهاتووی ئێوە، ویاسای بڕیار دەر، لەنێوان ئێوە داهەیە).

ڕاگەیاندنی قورئانی پیرۆز، بەم ڕاستەقینە، کە:

لارطب ولایابس الاّ فی کتاب مبین.

(تەڕ، وەیا، ویشکیەك نیە، جگە لە وەی لەکتێبێکی ڕووناك کەرەوە دا، هەبێ). بە تەبیعەت، ئەبوە هۆی پتەو بوونی ئەم چەشـنە بڕوایە و، ئـاکامی ئـەم باوەڕەش ئەبوە قنیاتو بەسەکردن بەقورئانو حەدیسـەکانو چـاو پۆشـین لە هەموو کتێبو ئاسار و....[١].

ڕەخنە

من بەڕاستی لەم پیاوە گەورانە سـەرم سـووڕ ماوە. ئـایا ئـەمانە نازانن کە، کورتەوتەی **الاسلام یهدم ماقبله**، مەبەسـتی ئـەوە بوەو ئـەمەیە، کە بەهاتنی ئیسلام، تەواوی یاساکانو نەریتانو خدە کانی ڕابردوو، بەتاڵن؟.

تەواوی موسوڵمانان لەسەرەتای ئیسـلامەوە تائێسـتا، لەم کورتە وتەیە، جگـە لەمەی لیٚ حـاڵی نەبوون. ئـەم جـوملەیە، ڕاگەیاندنی بیٚ بایەخ بوونی نەرێتە کانی ئایینی دەورەی جاهلیت ونەزانینی بەر لە ئیسـلامە، بگـرە لەتەواوی نەزانینەکانی، هاوتاو شەریك دانان بۆ خوا، یا نەزانینی خاوەن کتێبە ئـاسمانیە کانە، وپێوندیەکی لەگەڵ غەیری یاساو نەریتی ئایینیە وە نیە.

هەر بەو چەشنە، کەمەبەست لە جوملەی: **«الاسلام یجبّ ماقبله»** ئەمەیە کە ئیسـلام رووی رابردوو، دادە پۆشـیو ناروانێتە پیشـووتر، هەروەك گوناحێکـی گەورە، کەئـەگەر لە ئیسـلامدا روویدات، توڵە، یا تاوانی تایبەتی هەیە، ئـەگەر بەهۆی یەکێك بەر لە موسوڵمان بوونی رووی دابیو ئەو کەسـە دوایە موسـوڵمان

١) دوکتور ذبیح‌الله صفا، مێژوی زانسـتە عەقڵیەکان لە ئیسـلامدا، لاپەرەی ٣٢ و هەرنزیك بەو وتەیە، لە جزمی سیٚهەم لە مێژوی شارستانێتی ئیسلام، نووسـراوی جـورجی زەیدان، وەرگێراوەی فارسی، لاپەرەکانی ٥٤ و ٥٥ دا هاتوە.

بیٚ، ئیسلام ناروانیٚته کرده وەی پیٚشوو تەواوی موسولٚمانان، لەم کورتەوتانە، ئەم مانایانە تیٚ گەیون‌و تیٚ دەگەن، ئەمانە لەکویٚ‌و مانای لە خوٚوە دروستکراوی ئەم نووسەرانە، لەکویٚ؟!.

هەر بەم جوٚرە کە، وتەی عومەر، بەئاشکرا هاوار ئەکا، کە بەریٚ کراوی خودا، فەرموویەتی: «بەهاتنی قورئان و شەریعەتی ئاخری، تەورات‌و شەریعەتی مووسا، بەتاڵە» کەوایە پیٚغەمبەر، خویٚندنەوەی هەر کتیٚبیٚك حەتتا کتیبی ئایینی بەرگری نەکردوە وبەتایبەت خویٚندنەوەی کتیٚبەکانی ئاسمانی بەتاڵ بووی قەدەغە کرد؛ ئەو حەزرەتە، بوٚئەوەی موسولٚمانان شەریعەتەکانی بەتاڵبووی رابردوەکان، دەگەڵ شەریعەتی ئیسلام تیٚکەڵ نەکەن، ئەوانی لە خویٚندنەوەی تەورات مەنع فەرموە.

ئەوەی کە پیٚغەمبەر فەرموویە: «ئەوانەی، لە ئەهلی کتیٚب ئەی بیستن، نەبلٚین راستەو نەبلٚین درویە»ش، سەبارەت بە چیروٚ کەکانی ئایینی‌و، رەنگە شەریعەتەکانی ئایینی بیٚت. ئەو حەزرەتە، بەم کورتەوتانە، بەئەوانی راگەیاند، کەلەدەستی خاوەن کتیٚبەکان دا، راستو دروٚ، پیٚکەوە لیٚك دراون، چونکە ئیٚوە، پسپوٚرو لیٚك جیا کە رەوەنین، مەلٚین وایە، کە مەبادا بروا پیٚ کردنتان بە درویەك دەربری بیٚ. وەدروٚیان مەخەنەوە، نەکا راستیەك وە دروٚخەنەوە. هەر وەکوو جوملەی: «لە قورئان‌دا، چیروکی پیٚشینیان، تیٚبینی داهاتو، قانونی حاکم لەنیٚوان ئیٚوەیە» کە لە نهج‌البلاغەش دا هاتوە، بریٚتی لە چیروٚکەکانی ئایینی‌و تیٚبینی پاشەروٚژو قیامەت، نەریٚتەکانی ئایینی‌یە و مەبەست ئەمەیە، کەبەهاتنی قورئان ئیٚوە کتیٚبی ئاسمانی دیکەتان پیویست نیە.

لە هەموان پیٚکەنین هیٚنەرتر وسەیرتر، پیٚوەنووسان‌و بەدەستەوە گرتنی ئایەی «**ولا رطب‌و لا یابس الآ فی کتاب مبین**» کە تا ئەو جیٚگەیەی من لیٚی شارەزام، یەکیٚکیش لە مانا لیٚدە رەوە کانی قورئان، مانای ئەو ئایەتەی سەبارەت بە قورئان نەزانیوە، هەموو ئەوەیان بە، لوح محفوظ مانا لیٚ داوەتەوە.

بروای موسوڵمانەکان لەم ئایەتەو لەو حەدیسانە، هیچ کات ئەو شتە نەبوە کە ئەم ئاغایانە، بە گوٚترە دایان ناوەو نەتیجەو ئاکامیان لیٚگرتوە کە گوٚیا، ئەم ئایاتەو ئەو حەدیسانە، موسوڵمانەکانیان بوٚ باری بیر کردنەوە، وابار هیٚناوە، کە جگە لە قورئان هەر کتیٚبیٚك لەهەر لیٚزانین‌و لە هەر زانستیٚك بیٚ، لەناو بەرن!!.

وتەی ابن خلدون

ئێستە نوبەی ئەوەیە، کە بپەر ژیینە سەر لێ کوڵینەوەی دەلیلی چوارەمی خوالێ خۆشبوو دوکتور موعین. ئـاغای دوکتور موعین ـ هەڵبەت لەزمانی پور داودەوە ـ بەچـەشـنێکی گێراوەتەوە کە ئـەڵێی **ابن خلدون** بەرژدی سـەبارەت بە کتێب سـووتانی ئێران بڕوای دەربڕیوە، و ئـەڵێی لە نەقڵی **ابوالفـرج ابن العبری و عبداللطیف بغدادی و قفطی** و **حاجی خلیفە**ش دا، هیچ چەشنە ئـاڵوز و بلۆزی و رەخنەیەك نیە؛ لە حـاڵێکا، ئـەوانە، یەقین زانیویانە کە لێکوڵەرانی ئـورووپایی بە جوانی روونیان کردوتەوە کە ئەو قسەی کە ئـەڵێن کتێبخـانەی ئـەسکـەندەرییە، بەهۆی موسـوڵمانان ئـاگر درابێت، بنچینەو بناغەیەکی نیە. بەڵام ئـەوان تەنیا، بەنەقڵی وەدرۆ خسـتنەوەی شـبلی نُعمان و مینوی قنیاتیان کردوە. بەبێ ئـەوەی کەبە بەڵگە پتەوە کانی شبلی نعمان و مینوی بروانن.

ئێسـتا ئێمە بەکورتی بیرو بڕوای لێکـوڵەرەوەکان سـەبارەت بە کتێبسـووتانی ئەسکەندەرییە، لەگەڵ ئەو مەبەستانەی کە بە بیری خـۆم دا هاتوە، ئـەگێرینەوە. لەدوایی دا، ئەپەر ژیینە سەر، لێك دانەوەی ئـەوانەی ابن خلدون و حـاجی خلیفـە لەبارەی کتێب سووتانی ئێران بەسەر موسوڵمانیان داهێناوە.

کتێب سووتانی ئەسکەندەرییە

زیاتری هەڵویستەکانی کتیب سووتانی ئێران، کتیب سووتانی ئەسکەندەرییە بە بەڵگە ئـەگرن. ئـاشکرایە کە ئـەگەر لەکاتی نەخـوێندەواری عەرەبی (دەورەی نەزانین)دا، تاقمە قورەیشیەك، ماموستایی لەبەر چـاو سـووك بوە، ئـەگەر کتێب سـووتاندنی عبداللە کوری تاهیر و کتێب ئـاگر درانی خـوارەزم، بەهوی قتیبەبن مُسلِم لەسەت سالْ دوای وڵاتگرتنەکانی سەرەتایی ئیسلام، دەبێتە بەڵگە بو کتێب سووتانی ئەسکەندەرییە بەدەستی عەمری کوری عاس، کە بلیمەتێکی تێگەیشتوو وخاوەن هوش بوە وهەر بەپێی ئەو نەقڵانە، لەلای فیلسوفی ئـەو زەمانە لەشـاری ئەسکەندەرییە، بەهرەی گرتوە و لەگەڵ ئەو هاتو چوی بوە. ئـەویش بەفـەرمانی راستەو راستی خەلیفـە لەمەدینە را بوە، نەك لەخـورا، (هەر وەك ئـەوەی قتیبەبن مسلم لە خوارەزم کردی) بە چەشنی شیاوتر، ئەکرێ ببێتە دەلیلی کتێب سـووتانی ئێران. هەر بەم هویە، وەیە، هەمیشـە لەلایەن ئـەم تاقمانەوە، کتێب سـووتانی ئەسکەندەرییە، بەتامو خوێ، و چاووراوەو، ئەیگێرنەوە.

سەرەتا وچلونایەتی نەقلی کتیب سووتانی ئەسکەندەرییە

پێشـەکی ئـەبێ بڵێین کە مێژوی ئیسـلامو وڵات گرتنەکانی ئیسـلامی، چ بەچەشنی گشتیو چ سەبارەت بە ناوچـەیەکی تایبەت، لەئـاخرو ئـوخری سـەتەی دووەم دا، نووسـراوە، و ئـەو کتیبانەمان بەدەسـتەوەن. سـەبارەت بە گرتنی ئەسکەندەرییە، بە تایبەتی جگە لە مێژو نووسـانی ئیسـلامی، چـەند کەسـێکی مەسـیحیش، گرتنی ئـەم شـارە، بەدەسـتی عەرەبە کانیان زور بەدرێژە، گێراوە

تەوە. لە هیچ‌کام لەکتێبەکانی ئیسلامی، یا مەسیحی، یا مووسایی‌و هی‌دیکـە، کە بەرلە شەرەکانی سەلیبی نوسـراون، نێوێك لە کتێب سـووتانی ئـەسکـەندەرییە، یائێران لە ناودا نیە. تەنیا لە ئاخرو ئوخری سەتەی شەشەمی کۆچی‌و سەرەتاکانی سەتەی حـەوتەمە، کە بۆ یەکەم جـار **عبداللطیف بغـدادی**، کە پیاوێکـی مەسـیحی‌یە، لەکتێبێك‌دا بەناوی «**الافـادة والاعتبار فـی الامور المشـاهدة والحوادث المعاینة بارض‌مصـر**» کە سـەبارەت بەو کارە سـاتانەو ڕوو داوانەیە، کەبۆخۆی دیتویە وبەڕاسـتی سـەفـەر نامەیە، لەو جێگـایە کە کۆڵە کەیەك هەیە وناوی «**عمودالساوی**»یە، و لەحاندی پێشـووی کتیبخـانەی ئـەسکـەندەرییە هەڵکەوتوە، باس ئەکاو ئەڵێ:

«ئەڵێن کە ئـەم کۆڵەکە، یەکێك لەو کۆڵە کانەیە، کە هۆدەو هەیوانێك لەسـەر ئەوان دامەزرابوو، **وارسـطو** لەم هەیوان‌وهۆدە دا، دەرسـی وتوە وئـەو جێگـایە شوێنگەی زانست‌بوە. لەم جێگەیە، کتێبخانە یەك بوە کە عەمری عاس بەفەرمانی خەلیفە ئاوری تێ‌بەر داوە».

عبداللطیف نەی‌ویستوە زیاتر لەمە بڵێ کە لەزمان خەڵك ڕا (ناچار مەبەستی لە وشەی، خەڵك، هەر مەسیحیە هاو ئایینەکانی خـۆیەتی) شـتێکی وا، بڵاو بۆتەوە، بەبێ ئەوەی بیەوێ لەسەر ئەم چاووڕاوە، سـووربێ‌و بڕوای لەسـەر دەربڕێ، یاوە درۆی خاتەوە، چـونکە وتەی خـۆی بە وشـەی «یذکَر»یانی (وائـەڵێن) (وا، کەوتۆتەسەر زمانان) دەس پێ کردوە.

هەموو ئەزانین کە لەگێڕانەوەی وتەی مێژویی یا حـەدیسـی دا، ئـەگەر ئـەو کەسەی وتەکە ئەگێڕێتەوە، بەڵگـەی هەبێ، مەبەسـتەکە دەگەڵ ناوبردنی بەڵگـە ئەگێڕێتەوە. بەو چەشنە کە **طَبَری** لەمێژو نووسەکان و هەر وەها، زۆر بەی حدیث ناسەکان ئەی کەن‌و باشترین چەشنی نەقڵ گێرانەوەیە، کە بە خوێنەر ماوە ئەدات سەبارەت بە راست یا درۆ بوونی نەقڵەکە، بکۆڵێتەوە و ئەگەر بەڵگەکەی پی‌ڕاسـت و باوەر پی‌کراو زانی، قبووڵی کات. وە ئـەگەر باسگێروە بێ بەڵگــە و بێ بنچو بناوان، شتێك بگێرێتەوە، دوو جۆرە. کاتێ بەچـەشـی (**اَرسـالْ المُسَـلَّمْ**) یانی وابگێرێتەوە:

١ـ لە فلانسالێ دا، فلان ڕوو، داوە، بەدی‌هات.

٢ـ هێندێ وەختیش ئـەڵێ: وایان وتوە، یا وتوویانە، یا وا ئـەگێرنەوە، کە

لەفلانسال‌دا، فلان ڕووداوە بەدی هاتوە.

ئەگەر بەچەشنی هەوەڵ بگوترێ، نیشانەی ئەمەیە، قسە کەر بەو شتەی گێراویە تەوە بڕوای هەیە؛ بەڵام دیارە، خەڵك بەم چەشنە نەقڵانە، کە بەڵگەو بنچو بناوانی باوەڕ پێ‌کراویان ناو نەبردوە، بڕوا ناکەن. زانایانی (حَدیث) ئەمُ جۆرە حەدیسانە، بڕوا پێکراو نازانن. لێکۆڵەرەوەکانی ئورووپایی‌ش، ئەو مەبەستە مێژوویی یانە، کە بەڵگەیان نەبێ‌و لەسەرچاوەی ئەو باسانە ناوێك نەبرابێ، بێ‌بایەخو بڕوا پێ نەکراویان ئەزانن. ئەو سەرەکەی ئەمەیە، کە ئەڵێن فلانکەس فیسار نەقڵی، لە کتێبی خۆی‌دا نووسیوە، بەڵام بەڵگەو سەر چاوەی باس لێکراوەکەی نیشان نەداوە، یانی بایەخو باوەر پێکراوەیی، مێژوویی نیە.

بەڵام ئەگەر، بەشێوەی دووەم بگوترێ کە باسگێرەوە: «ئەڵێن» یا «بەم جۆرە ئەڵێن» یا «ئاوا وتراوە»و وەك ئەوانە، بەشێوەی کاری نادیارو نائاشکرا (فعل مجهول) بیگێرێتەوە نیشانەی ئەمەیە کە حەتتا، وتەوێژ بۆخۆشی بایەخو بروایەکی بۆ ئەم باسە، لەبەر چاو نەگرتوە.

٣ـ هێندێ کەس بڕوایان وایە کە، وشەی «قیل»یانی (وتراوە) لە باسگێرانەوە دا، نەتەنیا نیشانەی باوەڕ پێ نەبوونی باسگێروەیە، ئیشارە بەبێ بایەخی باسەکەشە. عبداللطیف داستانەکەی بەشێوەی سێهەم گێراوەتەوە، کە بەلانی کەمەوە، بۆ خۆیشی باوەڕی پێی نەبوە.

قەرینە و نیشانە یەك، بۆ بێ بایەخی نەقڵی عبداللطیف

جگە لەمانە، لە بڕوا، دوورە کە عبداللطیف هێندە بێ‌خەبەر بووبێت کە نەی زانیبێ ارسطو پای نەناوەتە میسرو ئەسکەندەرییە، تا لەو هەیوان‌و هۆدەیە، دەرسی گوتبێتەوە. بەڵکە ڕاستیەکەی ئەمەیە، کە ئەسکەندەرییە، دوای اَرَسطو دروست کراوە؛ چونکە ئەسکەندەرییە دوای هێرش بردنی ئەسکەندەر بۆ میسر، دروستکرا. نەخشەی ئەم شارە، لەزەمانی ئەسکەندەر دارژا و، بگرە هەر لەزەمانی ئەویش‌دا، دەس بە دروستکرانی کراوە، وکەم کەمە شێوەی شاری لێ پەیدا بوو. **اَرَسطو**، هاو زەمانی ئەسکەندەر بوە.

کە وایە، **عبداللطیف**، چ بۆ خۆی باوەڕی بەم نەقڵە بوو بێت، یانەی بوبێ، ئەمە لەباری ناوە ڕۆکی مەبەستەوە، کەمایەسی هەیە. یانێ بریتی لە مەبەستێکە، کە

لەڕواڵەت مێژویی یەوە، سوور درۆیە، وئەویش دەرس گوتنەوەی ارسطو لە ڕەواق‌و هەیوانەکەیە.

ئەگەر نەقڵێك‌و باسێکی کە ئەیگێڕنەوە، بریتی بێ لەچەند مەبەست‌و هێندێکیان سوور سوور دەلەسە بن، نیشانەی ئەمەیە کە ئەوانی دیکەش، لەو چەشنەن. سووتانی کتێبخانەی ئەسکەندەرییە، بەدەستی موسوڵمانان لە رواڵەت باوەر پێکراوەیی، وەك دەرس وتنی **ارسطو** لەو شوێنەیە.

پەس، ئەو باسەی **عبداللطیف** گێراویە تەوە، هەم لەباری بەڵگەوە، کە لەلاو، بێهێزە، چونکە سەنەدو بەڵگە یەکی نیە؛ هەم لە روانگەی مەبەستەکە، باوەر پێ نەکراوە، کە بریتیە لە درۆ و دەلەسەیەکی ئاشکرا. هەم سەبارەت بە شێوەی باس لێ کردن، شك هێنەرە، چونکە بە چەشنێکی وتوە، کە نیشان ئەدا، بۆخۆیشی بروای پێی نیە.

لێك دوور بوونی زەمانی باسگێڕەوە، لەگەڵ کاتی بەسەرهاتەکە

سەرەرای تەواوی ئەمانە، ئەگەر عبداللطیف لەزەمانی گیرانی ئەسکەندەرییە دا ژیابا، (سەتەی هەوەڵی کۆچی) وەیا لانی‌کەم، لە چاخ‌و زەمانی ئەو مێژو نووسانە بژیایە، کە سەرکە وتنە کانی ئیسلامی یان ـ کە یەکێك لە وانە، گیرانی ئەسکەندەرییەیە ـ لە زمان خەڵك را، بە چەشنی باسگێرانەوە، لە کتێبەکانی خۆیان‌دا، نووسیوە، (سەتەی دووەم تا چوارەمی کۆچی) ئەو شکەی بۆ دەچوو، رەنگە وا هەڵکەوتبێت، کە **عبداللطیف** چاوی بەو کەسانە کەوتبێت کە ئەو کارەساتەیان، بەچاوی خۆیان دیتوە. یا لە کەسانی‌تر، کە دیتویانە، بیستبێتیان و ئەوانیش بۆ **عبداللطیف** باسیان کردبێ (باسێکی دەستی هەوەڵ، یادەستی دووەم یا سێهەم) ومێژو نووسی دیکە، چاوی بەو جۆرە کەسانە نەکەوتبێت بەڵام **عبداللطیف** کتێبە کەی خۆی، لە ئاخرو ئوخری سەتەی شەشەم‌و سەرەتا کانی سەتەی حەوتەم نووسیوە.[1] یانێ دەگەڵ بەسەر هاتی گیرانی ئەسکەندەرییە، کە نزیکەی ساڵە کانی ١٧ و ١٨ی کۆچی بەدی هاتوە، نزیکەی شەش سەت ساڵیان

---

١) لە ساڵی ٦٠٣ پێك هێنانی کتیبەکەی تەواو بوو. شبلی نعمان، کتێبیلکەی (ئەسکەندەرییە) لاپەرەی ٢٨.

نێوانه وله تەواوی ئەو شەشسەت ساڵەدا، له هیچ کتێبێکی مێژویی و له زمان هیچ مێژو نووسێك، له تەوای موسوڵمان‌و مەسیحی‌و موسایی و هی دیکە، نەدیتراوه و نه بیســـتراوه؛ له پر و دوای ئـــەم ماوه، دوور و درێژه، له کتێبی **عبداللطیف** دا، ئەبیندرێ.

ئەم هۆیه، باسگێرانه وەکەی عبداللطیف له رادەی باسێکی بێ بەڵگەش زیاتر، ئەخاته، خـــواره وه، وبه چـــەشـــنی نەقڵێك دێته دی که، جگـــه له ناوەرۆکی مەبەستەکه، که درۆیه، له رواڵەتیشا، درۆ، بوونی ئەم باسه، نیشان ئەدات.

لەسەرەتاوه درۆ بوونی قسەکه

له تەواوی ئەوانه گرینگترو بەرچاوتر، ئەمەیه: مێژو شـایەدی ئـەدات، که هەر له بنەرەتا، کتێبخانەی ئەسکەندەرییه، له چەندین جار دا، بەر لەوه ئـەسکـەندەرییه بەدەستی موسوڵمانان بگیرێ، کەو تۆته بەر تاڵان‌و برۆ و ئاگرتێ بەردان. کاتێکـی موسوڵمانان ئەسکەندەرییەیان گرت، لەریشەوه کتێبخانه یەك بەچـەشـنی پێشـوو نەبوو؛ تەنیا ئەو کتێبانه بوون، که بەدەست خەڵکـەوه مابوون، که موسـوڵمانان له سـەتەکانی دووەم تا چـوارەمی کۆچـــی، لەو کتێبانه کەڵك‌و بارەیان وەر گرتوه. بەراسـتی دەر دەکەوێت، که له بناغەدا کتێبخـانەیك نەبوه، تا موســـوڵمانه سەرکەوتوەکان ئاوری‌تێ بەردەن.

جاریکی‌تر لێرەدا، ئەو مەسەله بەناوبانگـه وەراســت ئـەگەرێ که یەکێك وتی: «ئیمامزاده یەعقـوب، گورگ لەســەر مەناره هەڵی‌دری». یەکی‌تر وتی: ئیمامزاده نەبوو، پێغەمبەر زاده بوو؛ یەعقـوب نەبوو، یوسـف بوو؛ لەسـەر مناره نەبوو، له بن چاڵاو بوو؛ تازه ئەم باسه هەر لەبنەرەتا درۆیه، گورگ یوسفـی هەڵ‌نه دری.

من‌لێرەدا هەو دای وتار، ئـەدەمه دەس **ویل دورانت**، مێژو ناسـی بەناوبانگـی جیهانی، نووسەری مێژوی شارستانێتی (تاریخ تمدّن).

ویل دورانت ئەڵێ:

«لەو چـەند بەڵگـانەی، بۆ بێ هێزی ئـــەم باسگێرانەوه (باسگێرانەوەی عبداللطیف) هەن، ئەمانەن‌که:

١- بەشی زۆری کتێبخانەی ئەسکەندەرییه، مەسیحیەکان، لەدەورەی ئوسقوف

«توفینس» له ساڵی ٣٩٢ی زایینی (نزیکەی ٢٥٠ ساڵ بەر لەگیرانی ئەسکەندەرییە، بەدەستی موسوڵمانان) ئاگر درابوون.

٢ـ له درێژەی پینج سەتە کە لەکارە ساتەکە، تا نووسرانی ئەم بەسەرهاتە خەیاڵیە لەکتیبی عبداللطیف دا، نێوان و فاسلە هەیە، هیچ کام لە مێژو نووسان، لەبارەی ئەوەوە قسەیان نەکردوە، لە حاڵێکا کە «اوتکیوس»ی مەسیحی، کە لەساڵی ٣٢٢ی کۆچی، ٩٣٣ی زایینی، ئوسقوفی گەورەی ئەسکەندەرییە بوە، گیرانی ئەم شارەی بەدەستی عەرەبەکان بە چەشنێکی بەربڵاو نووسیوە. هەر بەم هۆیە، زۆربەی مێژو نووسان بەدی هاتنی ئەم کارەساتە قبوڵ ناکەن وئەم نەقڵە، بە ئەفسانە و چیروکێکی خەیاڵی ئەزانن. لەناو چوونی کتێبخانەی ئەسکەندەرییە، کە وردە وردە رووی داوە، لە بەسەر هاتە ناخۆشەکانی مێژویی دنیا بوو[1].

ویل دورانت، دەورانی وردە وردەی لەناوچوونی ئەم کتێبخانەی بەدەستی مەسیحیەکان لەمێژوی شارستانیتیدا، باس کردوە. ئەوانەی حەز ئەکەن، ئەتوانن بروانن پەڕاوێزەکانی شەشەمو نۆهەمو یازدەهەمی وەرگێراوەی فارسی، مێژوی شارستانێتی. (تاریخ تَمَدُّن).

گوستاو لوبون، لە شارستانیتی ئیسلامو عەرەبدا ئەڵێ:

«سووتانی کتیبخانەی ئەسکەندەرییە، کە دەی هاوێنە سەرشانی سەر کەوتوەکانی ئیسلام، زۆر جێگای سەر سوور هێنەریە، کەچیروکێکی خەیاڵی، چلۆن لەم ماوە درێژەدا، هەروا، بەناوبانگ ماوەتەوە و ئەوەیان بەشتێکی قبوڵ کراو داناوە. بەڵام ئیمرۆ، باتل بوونی ئەم بروایە، روون کراوەتەوە و بەرادەی ئەرخەیانی گەیشتوە کە عیساییەکان بۆ خۆیان پێش ئیسلام، هەر وەك پەرستشگاکانو خوداکانی ئەسکەندەرییەیان بەتەواوی هێزو توانای خۆیانەوە خاپوور کرد، کتێبخانەی ناو براویشیان سووتاندو وەبای فەنایاندا؛ بە چەشنێك کە لەکاتی سەر کەوتنی ئیسلام، لە کتێبە ناو براوە کان شتێك نەما بوو، تاکرابێتە خوراکی ئاگر.

شاری ئەسکەندەرییە، کە زەمانی دامەزرانی ئەوی، ٣٣٢ی پێش لە دایك بوونی عیسا بەدی هاتوە، تا زەمانی گیرانی بەدەستی موسوڵمانان ـ یانی تاماوەی هەزار ساڵ ـ یەکێك لە شارە گەورەو گرینگەکان بوە.

---

١) بگرە، نزیکەی شەش، سەتە.

١) مێژوی شارستانێتی، وەرگێراوەی فارسی، جزمی ١١، لاپەرەی ٢١٩.

لە زەمان پاشاکانی **بطالسە**، تەواوی زانایان‌و فەلسەفە زانانی دنیا، لەم شارەدا کۆ، ببونەوە، فێرگە و کتێبخانەی گەورە یان دامەزراند بوو؛ بەڵام ئەو پێشکەوتنە زانستیانە، ئەوەندەیان دەوام نەهێنا. بەم جۆرە، کە لەساڵی ٤٨ی پێش زایین، روومیەکان بەسەر کردەیی «سەزار» هێرشیان بردە سەر ئەسکەندەرییەو شکستێکی زۆریان بە ژیانی زانستی ئەم شارە گەیاند. ئەگەر چی لەزەمانی پاشایەتی روومیەکان دیسان ئەو شارە، پێشکەوتەوە وگرینگیەکی تایبەتی پەیدا کرد، بەڵام ئەم پێشکەوتنە، بۆ ماوەیەکی کەم بوە؛ چونکە لەناو خەڵکەکەی‌دا، شەڕو داواو ناکۆکی ئاینی بەدیهات‌و سەرە رای بەرگری بێرەحمانە وبێ بەزەیی ئیمپراتورەکانی رووم، رۆژ دەگەڵ رۆژ، ناکۆکی پتر دەبوو، تا ئەو زەمانە کە ئاینی مەسیح بوو بە ئاینی رەسمی وڵاتەکە؛ ئەو کاتە «تئودور» بریاری دا، کەتەواوی پەرستشگاکان‌و پەیکرەکانی خودایان‌و کتێبخانەکانی بوت پەرستەکان[1] دەگەڵ خاك تەخت کران[2].

---

١) کتێبخانەی بەناوبانگی ئەسکەندەرییە، بەدەستی خەڵکێکی کە ئەوان شەریك‌دانەر بۆ خوداو، بوتپەرست ئەزانن دامەزرا.

٢) مێژوی شارستانێتی ئیسلام‌و عەرەب، چاپی چوارەم، لاپەرەکانی ٢٦٣ و ٢٦٥ (بەکورتی).

مێژولکەی کتێبخانەی ئەسکەندرییە

شاری ئەسکەندەرییە، کە ئێستا لەشارە بەناو بانگەکانی میسرە، بەهۆی ئەسکەندەری روومی، چوار سەتە بەر لە دایك بوونی مەسیح، دروستکراوە؛ وەیا بناغەی دارژاوە وهەر لەبەر ئەمە، ناوی ئەسکەندەرییەی بەسەر دابراوە.

جیّ نشینەکانی ئەسکەندەر، کە پێی‌یان دەکوتن **(بطالسە)** لەو شارەدا، مووزەو کتێبخانەو لە راستی‌دا، **ئاکادیمی** واتە: فەرهەنگستانیان دامەزراند، کە بەچەشنی ناوچە یەکی زانستی گەورە، بەدی هات. زۆربەی زاناکانی ئەسکەندەرییە، دەگەلّ زانا گەورەکانی یونان، بەرانبەری دەکەن‌و لە بەناو بانگەکانی زانستی دنیان.

ناوچەی زانستی ئەسکەندەرییە، لەسەتەی دووەم‌و سێهەمی بەر لە زایین دەس پێکرا وتاسەتەی چوارەمی دوای زایین درێژەی بوو.

میسر بە تێکرایی، لە دەورەی ئەسکەندەر و جیّ نشینەکانی ئەودا، لەژێر دەسەڵاتی سیاسی یونان‌دا بوو؛ لە دوایی، کە شارستانێتی و پێشکەوتی یونان سەرەولێژ هاتەخوار، لە نیوان رووم، کە پاتەختەکەی «رۆم»ی ئێستا لەئیتالیادایە، دەگەلّ یونان شەر دەستی پی‌کرد و رووم بەسەر یونان‌دا زالّ بوو. میسرو ئەسکەندەرییەش کەوتەژێر دەسەڵاتی سیاسی رووم. دەوڵەتی رووم، نزیکەی چوار سەتە دوای لە دایك بوونی عیسا، بەشکرا بەروومی لای رۆژ هەڵات، کە پاتەختەکەی قسطنطنیە، ئەستانبولی، ئێستایە، وەروومی رۆژ ئاوا، کە مەرکەزەکەی، رۆم لە ئیتالیایە.

روومی رۆژ هەڵات، رووی کردە مەسیحییەت‌و مەسیحییەتیش هەم لەسەر شارستانێتی یونان وهەم لەسەر شارستانێتی رووم، شوێنەواری خرابی بەدی هیناو

سەتەکانی ناوەراستی رۆژ ئـاوایی، دەورەی سـەرەو لێژی وئـاڵۆزی زانسـتو فەرهەنگی رۆژ ئاوایی‌یە کانە. نزیکەی ئەوکاتە (لەت کرانی رووم، بەرۆژ هەڵاتو رۆژئاوا) دەس پیّ دەکا.

دوای ئەوە رووم رووی کردە مەسـیحییەت، سـێبەری ئـەم ئـایینە، کە دەرس کوتنی زانستەکانو فەلسەفەی بەپێچـەوانەی بنەرەتەی ئـایینی مەسـیح ئـەزانیو زاناکانو فەلسەفەزانە کانی بەکافرو ریّ گومکراوو رێگە گومکەر دادەنا، قورسایی هاویشتە سەر ناوچەی زانستی ئـەسکـەندەرییە و تاڵان کرانەکانو ئـاگردرانەکانی نۆبە بە نۆبەی ئـەم کتێبخـانە، دووبارە دوای هێرشـی سـەزار (لە ٤٨ ی زایینی)، دەستی پیّ‌کراوە.

قسـطنطینی یەکەم، هەوەڵ ئیمپراتوریکـە کەئـایینی مەسـیحی قبولّ کرد. **ژوستی‌نین** لەجیّ نشینەکانی **قسـطنطین**، لەسـەتەی شـەشـەمی زایینی‌دا، بەچەشنی رەسمی ناو چەی زانسـتی **ئـاتن**ی بەسـتو بەر لەمەش، لە سـەتەی چوارەم دا، ناوچەی زانستی ئـەسکـەندەرییە، بەسـترابوو، یا تەواو بیّ‌هێز کرابوو. بەسترانی ناوچەی زانستی **ئاتن**، لە سـاڵی ٥٢٩ ی زایینی بەدی‌هات، یانی چلو یەکساڵ پێش لە دایك بوونی بەریّ کراوی گەورەی خـودا، حـەزرەتی موحـەممەد (ص) و هەشتاو یەکساڵ بەر لە بەپێغـەمبەری گەیشـتنی ئـەوان، و نەوەدو چـوار ساڵ بەر لە کۆچ کردنو سەتو پینج‌سـاڵ پێش وەفـاتی ئـەوانو سـەتو بیست‌ساڵو هیندێك بەر لە گیرانی ئەسکەندەرییە بەدەستی موسوڵمانان.

شەڕە قسەی مەسیحیەت، دژی ئیسلام

لە تەواوی ئـەمانەی وتمان، روون بۆوە کە ئـەم کتێبخـانە، بوتپەرسـتان دروستیان کردو مەسیحیان لەناویان برد. بەڵام دوای شەرەکانی سـەلیبی لە نێوان مەسیحیان و موسوڵمانان، کە نزیکەی دوو سەت ساڵ درێژەی خـایاند (سـەتەی پێنجەمو شەشـەمی کۆچـی)، مەسـیحیەکان لە لایەك دەگەڵ شـارستانێتیو فەرهەنگی ئیسلامی بوونە ئاشنا و ئـەم شـارستانیەتیە ئـەوانی روون کردەوە و لە لایەکی دیکـەوە، دوای تیّ شکـانی بەتەواوەتی لە موسـوڵمانان، کینەو رقـی موسوڵمانەکانیان، توند وپتەو، لەدڵی خۆیان گرتو کەوتنە شەرە قسەوە.

ئەوە ندەیان دژی ئیسلامو قورئانو بە رێکـراوی گەورەی خـواو موسـوڵمانان

قسەهەڵبەستو بڵاو کردەوە، کەهۆی شەرمەزاری پیاوە رۆشنبیرەکانی مەسیحیە، لە سەتەی تازەدا، و ئەبینین کە، بۆ تێ هەڵێنانەوەی خراپەی رابردوو، (تکای لێ بوردن، لە پێشگای مُحَمَّدو قورئان)[1] ئەنووسن. چاوو راوی کتێب سووتاندنە کان بەدەستی موسوڵمانان، لە رادەی ئەم چاوو راوانەیە، کە رەنگە هێندێك لە موسوڵمانانیش لە سەتەی حەوتەم بەدواوە، بەبێ ئەوەی تێ‌فکرن کە ئەم چیرۆکە، بەیتو باوێکی بێ‌پایەو بێ‌رەسەنەو لە گێرانەوەی ئەو، خۆ بپارێزن؛ یا لانی کەم هەر وەك پێویستی «رێو شوێنی باسگێرانەوەیە» بەچەشنی «وابڵاو بۆتەوە» یا «وا ئەڵێن» یا «وائەگێرنەوە» لە کتێبەکانی خۆیاندا بگێرنەوە. وا وێ دەچێ، بەچەشنی باسێکی روون کراوەوە، لەکتێبەکانی خۆیاندا نووسیویانە. بێ‌خەبەر لەوەی کە دروستکەرو بەدی هێنەری ئەم بەیتو باوانە، مەسیحی یەکانی سەلیبیو و مەبەستیان بەد ناو کردنی ئیسلامەو لە سەتەی دواییندا، کە ئیستعمار و داگیر کەران، وەتین هێنانی هەستی کۆمەڵایەتی گەلەکانی ئیسلامیان، دژی ئیسلامو موسوڵمانانی سەرەتای ئیسلام، کردۆتە هەوەڵین کاری پیویستی خۆیان، هی وەك پوُر داود، ئەم چیرۆکە خەیاڵیەی بە چەشنی بەسەر هاتێکی مێژویی پێك هێناو، بە باسگێرانەوە کانی وەك باسگێرەویی عبداللطیف پەرو باڵ‌دا و وەك چیرۆکێکی راستەقینەی مێژویی، ئاوێتەی مێشکی قوتابیان و خویندکارانی زانستگایی کرد.

---

١) کتێبێك هەر بەم ناوە «جان دیون پورت» نووسیویە، کە بەهوی ئاغای حاج سەیید غولام رەزا سەعیدی بەفارسی وەرگێردراوە. جان دیون پورت لەو کتێبەدا، لاپەرەی ٢٢ مەبەستی کتێب سووتانی ئەسکەندەرییەی باس کردوە، و بەتوندی وەدروی خستۆتەوە.

وتەی ابن العبری

تائێره، وتەی **عبداللطیف** مان گێراوەو لێك‌مان داوه، ئێستا دەس ئەکەین به لێ کوڵینەوەی وتەی **ابوالفرج ابن العبری**.

ئەو پیاوە، دوکتورێکی جوولەکەیە، کە لە ساڵی ٦٢٣ی کوچی‌دا، له **ملیطه** (تورکیه) لە دایك بوەو باوکی دەستی لە ئایینی موسا، بەرداو بوو بە مەسیحی. **ابوالفرج** سەرەتای دەرس خوێندنی خوّی، لە فێر بوونی مە بەستە بنەرەتیە کانی ئایینی مەسیح را، دەس پیّ کردوە. ئەو لە زمانەکانی سُریانی‌و عەرەبی بە تەواوی شارەزا بوو. مێژوێکی بەربڵاو و بەرینی، بەزمانی سریانی نووسیوە و لە کتێبەکانی سریانی‌و عەرەبی‌و یونانی، یار مەتی وەر گرتوە. لەم کتێبەدا، باسێك لە کتێب سووتانی ئەسکەندەرییە نەکراوە، وکورتکراوە یەك لەم کتێبەی بەعەرەبی، بە ناوی «**مختصرالدّول**» نووسی کە ئەڵێن هەموو جزمەکانی ئەو کتێبە، کەمایەسی هەیەو ناتەواوە؛ سەیر ئەمەیە، کە هەر چەند ئەڵێن **مختصر الدّول**، کورتکراوەی ئەو کتێبە بەربڵاوە بەزمانی سریانی‌یە، کەچی لە مختصر الدول دا، مەبەستی وا نووسراوە، کە لە ئەسڵی کتێبە بەربڵاوە سریانی یەکەدا نیەو یەکێك لەوانە، داستانی کتێب سوتانی ئەسکەندرەییە بەدەستی موسوڵمانانە.

کتێبی مختصرالدّول، پیاوێك بەناوی دوکتور «**پوکوك**» کە پروفسوری کالجی اکسفورد بوە ولەو کەسانەیە، کە دەستی لە بڵاو کردنەوەی دەلەسەو درۆ، دژی موسوڵمانان دا هەیە؛ نووسیویەو بڵاوی کردوّتەوەو بە زمانی لاتین وەری گێراوەتەوە.

لەو وەختەوەو بەهوّی ئەم کتێبەو ئەم کابرایە، چاوو راوی کتێب سووتاندنی

موسوڵمانان لە ئەسکەندەرییە، بە ئوروپادا بڵاو بۆوە (هەڵبەت بڵاو بوونە وەی ئـەم ئەفسانە لە ئوروپا دا، بەهۆی ئەم کتێبە بەدی‌هات، بەڵام ئەسڵی چیرۆکەکە، کە لە پێشـدا لەکتێبی عبداللطیف کە لێکـۆڵینەوەمان لەسـەر کردو **«اخبار الحکماءِ قفطی»** کە لەمەو دوا، باسی‌لێ ئـەکەین‌و لێی دەکۆڵینەوە، نووسـرا بوو) هەتاکو لەم سـەتە دواییانەدا، بەهۆی لێکۆڵەرەوەکانی ئـوروپایی وەك: **گیبون و کریل و گوستاو لوبون** و هی دیکە، ئەم بەیتو باوە، وە درۆخراوە[1].

داستانی کتێب سووتان لە کتێبی مختصرالدّول دا بەم چەشنە هاتوە:

«لەو زەمانەدا، **یحیی نحـوی** ـ کە بە زمانی ئێمە بە «غرما طیقـوس» یانێ نحوی ناو ئەبرا ـ لەناو عەرەبان دا، بە پلەی بە رزی بەناوبانگی گەیشتبوو. ناوبراو، رۆنیشتووی ئەسکەندەرییە بوە و لەباری ئاییەوە، مەسیحی‌و لە دەستەی یەعقوبی بوە. بەتایبەت برۆای **ساوەری**(؟) بەچاك دەزانی.

ئەو پیاوە لە ئاخردا، دەستی لە ئاینی مەسـیح هەڵگـرت‌و ئـەگەرچـی تەواوی زانایانی مەسیحی میسر، لە دەوری ئـەو کۆ بوونەوە، و بەسـەری داهاتن‌و رێنموو نیان کرد، قبوڵی نەکرد. کاتێ کە زاناکان لێی ناهومێد بوون، ئـەویان لەو پایەو پلانەی کە پی‌یان دابوو، هێنا خـوارەوە و تا ماوەیەك بەو حـاڵە ماوە و زیندوو بوو، هەتا عەمری عاس ـ فەرماندەری موسوڵمانان لە گرتنی میسردا ـ هاتە میسر.

رۆژێك یەحیا هاتەلای عەمری عاس. عەمر، لە پایەی زانسـت‌و گەورەیی ئـەو تێگەیشت‌و زۆری رێزلێ گرت.

زانای ناوبراو، دەستی کرد بەچەشنەو تارێکـی حـەکیمانەو تێ گەیشـتوانە، کە عەرەبەکان شتی‌وایان هەر نەبیستبوو. ئەو وتانە، یەکجار زۆر سەرنجی عەمری بۆ لای خۆی راکێشاو ئۆگری ئەو بوو. بەهۆی ئەوە، عەمر مرۆڤێکی خاوەن هۆش‌و تێ گەیشـتووو بیرکەرەوە بوو؛ وت‌و وێژ کردن دەگەڵ ئـەو پیاوەی بەباش زانی‌و هیچ کات لە خۆی دووری نەدەخستەوە.

رۆژێك یەحیا بە عەمری عاسـی وت: هەرچـی لە ئـەسکـەندەرییە دایە، لە ژێر دەسەڵاتی تۆ دایە. دیارە ئەوەی بۆ ئێوە فـایدەی هەیە من کارێکـم پێی نیە؛ بەڵام

---

١) ئەم بەشە، لە کتێبیلکەی «کتێبخانەی ئەسکەندەرییە» نووسـراوی شبلی نعمان، لاپەرەکانی ١٤ و ١٥ و ٣٨، وەرگیراوە.

هێندێ شت کە زۆر بۆ ئێوە پێویست نیە، تکا ئەکەم بیان دەن بە ئێمە، چونکە ئێمە زیاترمان پێویستە. عەمر پرسی ئەو شتانە چین؟ لە وەڵاما وتی: کتێبی حیکمەتو فەلسەفەن، کە لە کتێبخانەی دەوڵەتی دا، کۆکراونەوە. عەمر وتی: من لەوبارەوە، ئەبێ لەخەلیفە (عومەر) دەستوور وەربگرم، دەنا لە خۆمەوە، ناتوانم کارێك بکەم. بەم چەشنە، ئەو مەبەستەی بە خەلیفە راگەیاندو داوای دەربرینی بروای کرد، خەلیفە لەوە ڵامدا، نووسی: ئەگەر ئەم کتێبانە دەگەڵ قورئان یەك دەگرنەوە، هیچ پێویستمان نین‌و ئەگەر بەپێچەوانەی قورئانن، تەواوی ئەوانە لەناو بەرە.

دوای گەیشتنی ئەم وڵامە، عەمر دەستی کرد بە خاپوور کردنی کتێبخانەو، ئەمری کرد تەواوی ئەم کتێبانە لە نێوان حەمامەکانی ئەسکەندەرییەدا بەش کران‌و بەم هۆیە، لەماوەی شەش مانگ‌دا، تەواوی کتێبەکانیان سووتاندو لەناو بردو ئەوەی بەدی هاتوە، بەبێ سەر سوورمان قبووڵی بکە[١]».

رەخنە:

بەداخەوە، بەم‌تکا وپێ سپێردانەی جەنابی **ابوالفَرَج** (ئەگەر ئەم بەسەر هاتەی، بۆخۆی پێکیەوە نابێ) وەیا، تکاورەجای جەنابی **پروفسور پوکوك**، ئەم چیرۆکە، نە بەسەر سوورمانەوە و نەبەبێ سەر سوورمان، شیاوی برواو باوەر پێ‌کردن نیە. جگە لەوە، لە لێکۆڵینەوەی وتەی **عبداللطیف**دا، وتمان باسێکی مێژویی کە بێ بەڵگە بێ‌و لەو سەر چاوەی کە باسەکەی لێ وەر گیراوە، ناوێك نەبرابێت، بە هیچ چەشنێك جێگای بروا، نیە. بەتایبەت کە لە دوای شەش سەت ساڵ ئەم نەقڵە بێ بەڵگەو بێ سەر چاوەیە، دابمەزرێ‌و بەر لەمە هیچ کەسێك چ بە بەڵگەوەو چ بێ‌بەڵگە قسەی لێ نەکردبێت؛ جگە لە مەش وتمان کە بروای زاناکانی لێ‌کۆڵەرەوە، ئەم مەبەستەیان روون کردوتەوە، کە هەر لە بنەرەتا، کاتێ کە موسوڵمانان ئەسکەندەرییەیان گرت، لە کتێبخانە کە شتێك نەمابوو. باسی کتێب سووتان لە ناوە رۆکەوە، دروستکراوو دەلەسە بوە. بەڵگەو نیشاندەری دیکەشمان دژی ئەم باسە هەیە.

---

١) شبلی نعمان، کتێبیلکەی: کتێبخانەی ئەسکەندەرییە، لاپەرەکانی ١٦-١٨.

یەکەم ـ یحییٰ نحوی فیلسوفی بەناو بانگیان کردۆتە قارەمانی ئەم داستانە، لە حاڵێکا بەگوێرەی بەڵگەی لێکۆڵینەوە کانی ئەم دواییانە، ناوبراو سەت‌ساڵ بەر لەگیرانی ئەسکەندەرییە، مردوەو بەیەك گەیشتنی ئەو و عەمری عاس ئەفسانەیە[1].

سەمەرەیەو هۆی واق‌مانە، کە شبلی‌نعمان هەرچەند ئەنووسێ کە نحوی لەو حەوت پیاوە زانایانەیە، کە لەبەر زوڵمو زۆری ژوستی نین لە رووممەوە هاتنە ئێران‌و، خوسرەو ئەنەو شیروان چاوە دێری‌و پەزێرایی لێ‌کردن، کەچی بروای بەوەش هەیە، کە یەحیاو عەمری عاس، لە ئەسکەندەرییە، یەکتریان چاو پێ کەوتوە. ئیتر ناروانێتە ئەمە کە لەسەفەری ئەو حەوت کەسە زانایە بۆ ئێران، تاکاتی گیرانی ئەسکەندەرییە، زیاتر لە سەت‌و بیست‌ساڵ ماوەی هەیەو ناگونجێ یەحیا ـ کە سەت‌و بیست‌ساڵ بەر لەگیرانی ئەسکەندەرییە، حیکمەت زانێکی گەورەو بەناوبانگ بوە ـ کاتی گیرانی ئەسکەندەرییەش، هاو دەمی عەمری عاس بوو بێت‌و بە ژیانی خۆی درێژە بدات.

جا لەبەر ئەوە ئەو نەقڵانەی کە بەیەك گەیشتنی یەحیاو عەمر دەگێرنەوە، گەرچی ناوێکیان لە کتێبخانە نەبردوە، بێ بنچینەو بێ پایەن.

چیرۆکی بەیەك گەیشتنی یەحیاو عەمر، بەوتەی **ابوالفَرَج**، وەك دەلەسەی دەرس وتنی **اَرَسطو**. لە ئەسکەندەرییە ئەچێ، کە **عبداللطیف** دروستی کردوە. دروستکەرەکانی ئەم چیرۆکەو ئەوانەی گێراویانەتەوە، بەر جەوەندی ئەوەیان نەکردوە بزانن چیرۆکە کەیان دەگەڵ مێژو، یەك دەگرنەوە، یان نا.

---

١) سەیر ئەمەیە، کە ئاغای (دوکتور ذبیح‌الله صفا) هەرچەند لە لاپەرەی ٦ی (مێژوی زانستەکانی عەقڵی لە ئیسلامدا) ئەڵێ یەحیا نەحوی، لە پیاوە گەورەکانی مەدرەسەی ئەسکەندەرییە، لە ئاخری سەتەی پێنجەم‌و نیوەی هەوەڵی سەتەی شەشەم (نزیکەی سەت سا،ل بەر لە کۆچی پێغەمبەر) بوە و لە لاپەرەی ١٨ی ئەو کتێبەدا، بە ئاشکرا، رادەگەیەنی‌و ئەڵێ: «تاگیرانی میسر بەدەستی عەمری عاس، (٦٤١ زایینی) یەحیا نەحوی زیندوو بوو؛ بەڵام بەم جۆرە کە لەباری وتەی مێژو دەر ئەکەوێ، ئەم کابرایە لەپیاوەکانی ئاخرو ئوخری سەتەی پێنجەم‌و نیوەی هەوەڵی سەتەی شەشەمی زایینی‌یە و زیندوو مانەوەی ئەو لە ئاخرو ئوخری سەتەی پێنجەم‌و ناوەراستی سەتەی حەوتەم، بەتەواوی دوورە لە عادەت‌و عەقڵ دیارە. لە عەینی حاڵدا، کورتەی ئەو داستانەی کە قارەمانەکانی، یەحیای نەحوی‌و عەمری عاسن، بەناوی دەلیل‌و بەڵگە بۆ کتێب سووتانی ئەسکەندەرییە هێناوەتەوە.

دووهەم ـ لەناوە رۆکی چیرۆکەکەدا، ئەڵێ کە دوای ئەوە خەلیفە بریاری‌دا کتێبخانە لەناوچێ، عەمر کتێبەکانی لە نێوان حەمامەکان‌دا بەش کردو ماوەی شەش مانگ کتێب کرانە خۆراکی ئاگری حەمامەکانی ئەسکەندەرییە. هەر بەوەرا، کە ئەسکەندەرییە لەو کاتەدا، گەورەترین شاری میسرو گەورەترین شاری دنیای ئەو وەختەبوە و عەمر بۆ خۆی لە راگەیاندنە کەی‌دا، بۆ خەلیفەباس دەکاو ئەنووسێ:

«لەم شارەدا، چوار هەزار حەمام، چوار هەزار خانوو بەرەی گەورە، چل هەزار جوولەکەی سەرانە دەر، چوار سەت دیمە نگاو گەردشگای دەوڵەتی، دوازدە هەزار سەوزی فرۆش کەسەوزی تازەیان دەفرۆشت هەبوە».

ئەبێ وا لەبەر چاو بگرین کە لەماوەی شەش مانگ‌دا، چوار هەزار حەمام بەو کتێبانە گەرم کراون. یانی کتێب ئەوەندە زۆر بوە، کە ئەگەر بیان‌ویستایە تاقە حەمامێك بەو کتێبانە گەرم بکەن بۆ نزیکەی حەوتسەت هەزار رۆژ، یانێ بۆ نزیکەی دوو هەزار ساڵی ئەو حەمامە بەس بوو. سەیرتر ئەمەیە، بەگوێرەی ئەوەی لە ناوەرۆکی راگەیاندنە کەی ابوالفرج دا هاتوە، تەواوی ئەو کتێبانە لە باسی حیکمەت‌و فەلسەفەدا بوون نەك مەبەستێکی‌تر.

ئێستەوا چاکە کەمێك بیر بکەینەوە: ئایا لە سەرەتای بەدی‌هاتنی شارستانێتی یەوە هەتا ئەمرۆ ـ کە چەند سەتەیە چاپ دروست کراوەو بە شێوەیەکی سەر سوور هێنەر چاپەمەنی ئەداتە دەرەوە ـ ئەوەندە کتێبی حیکمەت‌و فەلسەفە کە بەرگەی ئاگری چوار هەزار حەمام لەماوەی شەش مانگ دا، بگرێت بوە؟.

دیسان وا باشە بیر بکەینەوە: ئەم کتێبخانەیە، چیهای جێگە داگرتبێت؟!

کتێبەکان ناکرێ بە چەشنی کای کادێن رژابنە سەر یەك؛ بەڵکە بەشێوەی رێك‌وپێك لە رفحەدا، هەڵچنراون تا خەڵك کەڵکیان لێ وەرگرن، ئەمەش بزانین کشیشێکی مەسیحی لە سەتەی چوارەمی دوای زایینی‌دا، کە لە لایەن ئیمپراتورەوە، دەستووری پێ درابوو تا کتێبخانەکە لەناو بەرێ بەم جۆرە رادەگەیەنێ کە:

«من تەواوی قەفەسەکانی ئەوێم لەو کاتەدا، لە کتێب بەتاڵ‌و حەتاڵ دیت»[1]

تاقە هۆدەو رەواقێکی کە ئاغای عبداللطیف لەو جێگایەی دیتوە هیچ کە ئەو

---

١) شبلی نعمان، کتێبخانەی ئەسکەندەرییە، لاپەرەی ٥٠.

کتێبانەی تیٚدا جێگا نابێتەوە، بگرە جێگە شارێکیش بۆ کتێبخانەیەکی ئاوا کەم بوە.

ئیمرۆ کتێبخانەی زۆر گەورە، بەهۆی پێشکەوتنی سەنعەتی چاپو لە دەس هاتنو دەس رۆیشتنی بەر بڵاو، کە بەر لەمە لە مێژوی بەشەر دا، نەبوە، لە دنیادا بە تایبەت لە ئەمریکاو شورەوی دا هەیە. هەر بەو جۆرە کە شارە زۆر گەورەکان، کە لە مێژوی ژیانی ئینساندا نەبوون، لە دنیای ئەمرۆ دا هەن.

من بروا ناکەم ئیستاش کتێبخانەیەك هەبێ، کە کتێبەکانی ئەوێ بۆ گەرم کردنی حەمامە کانی شارێك کە ئەم کتێبخانە، لە ویٚدابێ باشار بکات.

ئەمانە هەمووی بەڵگەن بۆ ئەوەی ئەم داستانە، خەیاڵی خاوو ئەفسانەیەو تەنیا لە دنیای ئەفسانەدا، یەك نموونەی هەیەو ئەویش ئەمەیە ئەگێرنەوە ئەڵێن: کابرایەك لە تاریفی شاری هراتدا ـ کە دەیگوت زەمانێك یەکجار گەورەو پر حەشیمەت بوە ـ چاووراوێکی زۆری کردو کار گەیشتە ئەو جێگایە کە کوتی:

«... ئەو کاتە لە هرات دا، بیستو یەك هەزار ئەحمەد ناوی یەکچاوی کە لە پاچە فرۆش بوە»!!!.

هەر لە وەیرا، کە تەواوی خەڵکی شاری هرات، ناویان ئەحمەد نەبوە و تەواوی ئەوانەی ناویان ئەحمەد بوە، قیچو یەکچاو نەبوونو تەواوی ئەحمەد ناوی یەکچاوی ئەو شارەش، کە لە پاچەفرۆش نەبوون، کە وایە ئەگەر ژمارەی ئەحمەدە یەکچاوە کانی کە لە پاچەفرۆش گەیشتبێتە بیستو یەك هەزار کەس؛ حیسابی کەن بروانن ژمارەی چاو ساغەکان چەندە بوون؟!.

ئەگەر تەوای زیندوو مردوی عالەم خڕ کەینەوە، بەوەندەناگا.

داستانی **ابوالفرَج**یش، شتێکە وەك چیروکی ئەحمەدی یەکچاوی ناوبراو. بە وتەی شبلینعمان، هەر بەم هۆیەوەیە، کە نووسەرانی دایرةالمعارفی ئینگلیسی، چیرۆکی **اَبوالفرَج** بە گەپو گاڵتە ئەژمێرن.

سێهەم ـ شِبلی نَعمان و هێندێك لە لێکۆڵەرەوەکانی رۆژئاوا وتویانە: لەو زەمان دا، کتێبەکان لەسەر کەوڵ نووسراون و بە کەڵکی سووتان نەهاتوون ئەوەی کە کتێبان کرابنە دەستە چیلەی ئاگر، کارو بیرێکی بێ هوو دەیە.

شِبلی نَعمان لە زمان کابرایەك بە ناوی **مسیوپییر**، تەگێرێتەوە کە وتوویە:

«ئێمە برواماں بەمەیە کە حەمامچیەکانی ئەسکەندەرییە، تا ئەو جێگەیە کە

شتێکیان بۆ سووتاندن دەست کەوتبێت، هیچ کاتێك کتێبی لە پێستە نووسراویان وەبەر ئاگر نە ئەدا. قسە لەسەر ئەوەیە، کە بەشی زۆری کتێبەکانی ناوبراو، لە کەولێ پێك هاتبوون[١].

چوارەم ـ ئەگەر ئەو چەشنە کتێبخانە لە ئەسکەندەرییە دا بوایە، بێگومان عەمری‌عاس لەو باس‌و خواسەدا، کە سەبارەت بەوشارە بۆ خەلیفەی نووسیبوو لە مێژوە کان‌دا نووسراوە و راگیراوە، ناوێکیشی لەو کتێبخانەیە ئەبرد. لە راگەیاندنەکەی عەمر دا، باسی گەردشگاو جێگە رابواردنە کانی گشتی دەوڵەتی و سەوزی فرۆشەکانی شار کراوە، بەڵام باسێك لە کتێبخانە نیە.

پێنجەم ـ شاری ئەسکەندەرییە، دوای ئەوە کەوە دەست موسوڵمانان کەوت، قەراردادو بریاری ئاشتی دەگەڵ موسوڵمانەکان بەستو خەڵکی ئەو شارە «**أهل ذمّه**» واتە: پەنانشینی موسوڵمانان، ناسران‌و یاسای پەنانشینی بۆیان بەرێوەبرا؛ یانێ گیان‌و ماڵ‌و نامووس‌و حەتتا پەرستشگا و ئازادی بەریوە بردنی نەرێتەکانی ئایینی ئەوان رێزی لێگیراو حکومەتی ئیسلامی چاوەدێری و پارێزگاری ئەوانەی بە ئەرکی سەرشانی خۆی ئەزانی.

عەمر کوری عاس، لە پەیماننامە خۆی‌دا دەگەڵ خەڵکی میسر، بەو چەشنەی نووسی:

«ئەمە پەیمانی هێمنایەتی‌یە، کەعەمر، بە خەڵکی میسری ئەدات. گیان‌و خوێن‌و کەل‌وپەل‌و حەشارگەو شتەکانی دیکەی ژیانیان پارێزراوە». بە گوێرەی ئەوەی **مُعجَمُ البُلدان** گێراویە تەوە روون کراوەتەوە کە:

«زەوی خەڵکی میسر، کەل‌و پەل‌و دارایی ئەو خەڵکە هەمووی هی خۆیانەو هیچ کەس مافی دەس پێگەیاندن‌و داگیر کردنی ئەوانەی نیە».[١]

بە تێکڕایی ئەزانین کە کردەوەی موسوڵمانان سەبارەت بەو گەلانەی لە کتێبی ئاسمانی پەیرەویان کردوە (أهل کتاب)، هەمیشە بەم جۆرە بوە کە دوای سەرکەوتن، ئەوانەی بە پەنانشینی خۆی داناوەو ماڵیاتی لێ ساندوون‌و لە بەرانبەر ئەو ماڵیاتە، خۆی بە پارێزەری هێمنایەتی گیان‌و ماڵ‌و ئابروو و پەرستشگای ئەوانە زانیوە. لە ئەسکەندەرییەش بەو چەشنە رەفتار کرا.

---

١) شبلی نعمان، کتێبخانەی ئەسکەندەرییە، لاپەرەی ٥٣.

١) شبلی نعمان. کتێبخانەی ئەسکەندەرییە، لاپەرەی ٥٦.

ئـەگەر لە نەقڵی **ابوالفـرَج**دا، بگـوترایە کە موسـوڵمانان کاتی گرتنی ئەسکەندەرییە، بەر لە بەسترانی پەیمانی ئاشتی، سەبارەت بەخەڵك ئـەم چـەشـنە کارانەیان کردوە، لەو بارەوە باسـێکمان نەبوو؛ بەڵام ڕاگەیاندنەکەی **ابوالفـرج** ئەڵێ: ئـەم کارە سـاتە ماوەیەکی زۆر دوای گیرانی ئـەسکـەندەرییە، بەهۆی باسکردنی یەحیا نەحوی هاتۆتەدی و، ئەوەی کە موسوڵمانان دوای بڕیاری ئاشتی کارێکی ئاوایان کردبێ، پێچەوانەی کردەوەی ئەوانە.

شەشەم ـ تا ئەو ڕادەیەی ئێمە لە ئـەحـوالی عەمرو عومەر شـارەزاین، بڕوا ناکرێ کارەسـاتی ئـاوا ڕووی دابێت. بەڵام عەمر، بۆ خـۆی پیاوێکـی بە هۆش‌و تێگەیشتوو سەربەخۆ بوە و ئەگەر بیرو بڕوایەکی تایبەتی بوویایە، بەهەر چەشـنێك بوایە، بەسەر عومەری دا، دادەسەپاند و دەی کرد.

مێژوەکان ئەنووسن کە عومەر، زۆر مەیلی بەگرتنی میسر نەبوو؛ عەمری عاس بڕوای خۆی بەسـەر دابڕی. وەك ئـەڵێن، داخـوازی ئیجـازەی کرد بەڵام بەر لەوە فەرمانی پێ‌بگات هێرشی دەست پێ‌کرد. ئەگەر بەو چەشـنەی چیرۆکەکە ئـەڵێ، کە یەحیا نەحوی بیوە هاو دەم‌و هاوڕێی عەمری عاس‌و، عەمر بەهۆی فام‌و عەقڵ‌و لێ‌هاتوویی خـۆی، لە وتاری ئـەو زانایە حـەزی دەکردو فـایدەی لێ وەردەگرت، عەمر لەنامەی خۆی‌دا بۆ عومەر، ئەی نووسـی دۆسـتێکی ئـاوا زانای هەیەو ئـەو کتێبانەی بۆ ئەو پێویسـتەو ئـەبێ کتێبخـانە کە بمێنێتەوە. نەك بە داخـوازی ئیجازەیەکی سووك‌و هاسان قنیات بکـات‌و دەگەڵکـوو کاغەزی خـەلیفـەی پێ گەیشت، بەبێ نووسینی نامەیەکی دیکە لە پێش چاوی دۆستی زانای خـۆی، ئـەو کتێبانە ـ کە دۆستە پایە بەرزەکەی لە گیانی خۆی خۆشتر دەویستن ـ ئـاوریان تێ بەر بدات.

جگـە لەمە، کردەوەی عەمر لە ئـەسکـەندەرییە، کردەوەی سـەر کەوتوویەکی وابوە کە حـەزی لە باشکـردن‌و بەر هەم هێنان‌و ئـاوە دان کردنەوە، کردوە؛ نەك چەشنی مل هوڕێکی زاڵم‌و ستەمکاری وەك **قیتبەبن مسلم**.

ویل دورانت ئەنووسێ:

«عەمر، بە دادگەری حکومەتی کرد. بەشـێکی لە ماڵیاتە زەوەندە کەی، بۆ پاك کردنەوەی جۆگە ئاوەکان‌و چاك کردنەوەی پردەکان‌و تازە کردنەوەی درگە ئـاوێك

(کانال) که لەزەمانی پێشوو، چەمی نیلی تێکەڵ دەریای سوور دەکرد»[1] تەرخان کردو کەشتیان توانیان لە مەدیترانە وە بڕۆنە گەورە دەریای هند. ئەم ڕێگا ئاوە. لە ساڵی ١١٤ی کۆچی (٧٣٢ی زایینی)دا، ڕەڵمو خیز پری کردەوە ولەکەڵك کەوتو وێڵ کرا[2].

لە مرۆڤێکی کەبیری کۆمەڵایەتی ئەو تائەم رادە بوە، باوەر ناکرێ کە کتێبخانە یەك ئاور تێ بەر بدات.

وە، ئەمما عومەر، هەر چەند پیاوێکی بەزاکون و توورە بوە، بەڵام هیچ کەس لەو شیاری و تێبینیو، پاشە ڕۆژ لەبەر چاو گرتنی ئەودا، شك و گومانی نیە. عومەر بۆ ئەوەی هەموو ئەرکێك تەنیا وەعودەی خۆی نەگرێ و جگە لەمەش لەبیرو بڕوای خەڵکی دیکە یارمەتی وەرگرێ، لە مەبەستە گرینگەکاندا، بە تایبەت سەبارەت بە کاروباری دەرەوەی حکومەتەکەی، ڕاوێژگەری پێك دەهێناو ڕاوێژەری وتەگبیرو ڕای دەکرد، کە لە کتێبە مێژوییەکاندا، نووسراوەو لە نهج‌البلاغەش دا، دوو نموونە لە ڕاوێژ کردنی عومەر، لە جێگای خۆی، ئیشارەی پێ کراوە. لە هیچ مێژوێك دا نەدیتراوە کە عومەر، سەبارەت بە کتێبخانەی ئەسکەندەرییە شورای پێك هێنابێ و دەگەڵ کەس ڕاوێژەری کردبێت. زۆر لەوە دوورە بێ ڕاو تەگبیر هەڵی کوتابێتە سەر کارێکی ئاوا. جگە لە مەش ئەگەر عومەر بیرو بڕوای ئەمە بایە، کە لەسەر قورئان‌را، نیازمان بە کتێبێکی دیکە نیە، دەبوو بڕوای بەمەش بوویایە، کە سەرە ڕای مزگەوت، پێویستی‌مان بە، مەعبەدو پەرستشگای دیکە نیە؛ ئەی بۆچی لە قەراردادە کانی خۆیدا، کلیساکان و کەنیسەکان و ئاگرگە کان قبووڵ ئەکا. بەڵکە دەوڵەتی ئیسلامی، پەیماندەری پارێزگاری لەوانە ئەزانێ کە لەبەرانبەری پەنانشینەکانی ئیسلام، ئەرکی سەرشانی بەرێو بەرێت؟.

حەوتەم ـ گرتمان عەمری کوری عاس، دەستورێکی ئاوای دابێ؛ ئاخۆ باوەڕ بەمە ئەکرێ، گەلەکانی مەسیحی و جوولەکەی ئەسکەندەرییە، بە بێ‌هیچ بەر بەرە کانیەك، ئەو کتێبانە، کە دەسکەوتی فەرهەنگ و مێژوی ئەوان بوو، وەك عەمباری

---

١) من باش لێی نازانم؛ لە ڕواڵەتا ئەو شوێنەئاوە، هەر ئەو جێگایە یە کەدیسان لەم سەتانەی دواییدا، کراوەتەوەو ئێستابە (کانالی سوئز) ناوبانگی هەیە.

٢) مێژوی شارستانێتی، وەرگێراوەی فارسی، جزمی ١١، لاپەرەی ٢٢٠.

ویشکەدار، بە خەڵکی دیکە بسپێرن‌و بیان سووتێنن‌و حەتتا بەنهێنیش ئـەو کتێبانە رانەگوێزن‌و نەیان شارنەوە؟!!.

وتەی قفطی

ئەمما نەقڵی قفطی: وێنەی ئەم وتانەیە، کە ابوالفرج ئـەیان گێڕێتەوە. تەواوی ئەم ڕەخنانەی کە بەحەق لە ابوالفرج ئەگیرێ، بۆ ئەویش جێی خۆیەتی. هەر وەك ابوالفرج لە کتێبی مێژوی خۆی، کە بەر بڵاوە و بەزمانی سـریانی نووسـیویە، ئـەم باسەی نەنووسیوە، بەڵام لە **مختصر الدول** دا، کە عەرەبیەو کورتکـراوەی هەمان کتێبە **سریانیە** کەیە، داستانی کتێب سـووتانی هێناوە تەوە. ئـەوە جێگـای سـەر سوورمانە کە **قفطی**ش لە کتێبێك‌دا، کە سـەبارەت بە مێژوی میسـر نووسـیویە،[1] باسـێکی لەو چیرۆکە سـەیرە نە نووسـیوە. بەڵام لە کتێبی **(اخبار العلما باخبار الحکماء)** کە مێژوی فەلسەفە زانەکانە لە ژێر ئـەحـواڵی یحیی نحـوی، ئـەم داسـتانەی بەبێ ناوبردنی هیچ بەڵگـەیەك باس کردوە. بەم هۆیە، لە نەقڵی قفطی‌ش دا، یحیی نحوی یەکێك لەو دوو قارەمانەی بەدی هێنەری ئەم باسەیەو، بەقسەی خۆیان تەواوی ئەو کتێبانە کەسەبارەت بە حیکمەت‌و فـەلسـەفـە بوون، ئەوەندە زۆر بوون کە چوار هەزار حـەمام یان لە ماوەی شـەش مانگ‌دا، پێ گەرم کراوە.

قفطی ئەڵێ: کە **یحیی نحوی** لە پێشدا، «گەمیەی لێ خوریوە» واتە کەشـتی بەرێوە بردوە. لە تەمەنی چل‌و پێنج سـاڵی‌دا، ئـەوین‌و هەوای دەرس خـوێندن، لە سەری داوە و دوایە، بوتە فەیلەسوف‌و هەم پزشك‌و هەم زانای نووسـەر و هەم بە پلەی قەشە گەری شاری ئەسکەندەرییە گەیشتوە.

---

١) جورجی زەیدان، مێژوی شارستانێتی، جزمی ٣، وەرگێراوەی فارسی لاپەرەی ٦٤.

شك‌و گومانی مێژو، سەبارەت بە یەحیا نەحوی

سەبارەت بە یەحیا نەحوی، چەشنە گومانێك لە مێژو دا هەیە. ئەوەی کە ئاشکرایە، پیاوێکی فیلسوف‌و ئوسقوف، لە دەورەی بەر لە ئیسلام دا بوە و هەر ئەوەیە، کە لە رەد کردنەوەی **ابرقلس** و **اَرَسطو** دا، بۆ بەرایی‌و پارێزگاری لە بنچینەو بنەرەتەکانی مەسیحییەت، کتێبی نووسیوە و **بوعلی** لە نامەی بەناوبانگی خۆی‌دا بۆ **ابوریحان بیرونی**، بە ناحەزی ناوی بردوە و پێی وایە کە ئەو کابرایە، نەك لە رووی بیروبروا، بەڵکە بۆ هەڵخەڵەتاندنی زۆر بەی خەڵکی مەسیحی، ئەو کتێبانەی نووسیوە.

لە لایەکی دیکەوە، **ابن الندیم**، لە کتێبی **الفهرست** دا، ناوی یەحیای بردوە کە دەگەڵ عومەر و عەمری عاس یەکتریان چاو پێ کەوتوە؛ بەبێ ئەوەی باسێکی لە کتێبخانەی ئەسکەندەرییە کردبێت. لە کتێبی باوەر پێ کراوی «**صوان الحکمة**» **ابوسلیمان منطقی** ئەنووسێ: ئەو لە زەمانی **عثمان** و **معاویە** دا، دیتراوە. کە وابوو، یان نەقڵی **ابن الندیم** و **ابوسلیمان منطقی** دروست نیە، یان ئەو کەسەی کە لەزەمانی عەمری عاس‌و معاویەدا بوە، یەحیا ناویکی دیکە بوە، بەبێ ئەوەی پیاوێکی سەرناسی وا بووبێت کە شەرح‌و درێژە وتاری لەسەر کتێبەکانی **اَرَسطو** نووسیبێت‌و قەشەی شاری ئەسکەندەرییە بێت.

دوورنیە ئەو کەسانەی چیروکی کتێبخانەی ئەسکەندەرییەیان دروست کردوە، لەو یەحیا ناوەی کە لەوتاری **ابن الندیم** و **ابوسلیمان منطقی** دا ناوبراوە، کەڵکیان وەرگرتبێ‌و داستانەکەیان پێك هێنابێ، بەبێ ئەوەی بروانن کە رەنگە دووکەس بەو ناوە بووبن. بگرە یەکێك بەوناوە، لە زەمانی عەمری عاس‌و عوسمان‌و معاویە. دا بوە، کە ناکرێ هەر هەمان ئوسقوفی فیلسوفی بەناوبانگی ئەسکەندەرییە بووبێت.

بە هەر حاڵ ئەوە ئاشکرایە، کە یەحیانەحوی ئەسکەندەرانی، فیلسوف‌و پزشك‌و شیکەرەوەی کتێبی ارسطو وقەشەی بەناوبانگی ئەسکەندەرییە، زەمانی عەمری عاس‌و معاویەی نەدیوە.

وتەی حاج خەلیفە

ئەمما حاج خەلیفە: ئەم پیاوە، لە سەتەکانی دوایین، یانێ سـەتەی یازدەهەمی کۆچـیدا ژیاوە. ناوبراو، کتێبناس‌و پیڕسـت نووسـە، نەك مێژو نووس. کتێبی بەناوبانگی ئەو «کشف‌الظنون»ە، کە فهرست واتە پیڕسـتی کتێبانەو لە هونەری نەوعی خویدا بایەخدارە. جوملەو کورتە وتەیەکی کەلەو ئـەگێرنەوە، دوو بەشـە، بەشی هەوەڵیان ئەمەیە کە:

«عەرەب لە سەرەتای ئیسلامدا، ئەو زانسـتانەی کە سـەرنجـی پیێ ئـەدا، سیێبەش بوون: یەکەتی خوا، دەستووورە ئایینی یەکان‌و سیێهەم پزشکـی، کە بەر لەمەش شتێکیان لیێدەزانی و جگەلەوە، پیویستی شیان پیێ بوو. بەڵام خـۆیان لە دەرەتەی زانسـتەکانی دیکـە، نەدەدا، چـونکە نەیان دەویسـت بەر لەمەی بناغەی ئیسلام قایم بیێ، زانستەکانی بیێگانە لە ناو خەڵكدا، پەرەبگریێ.

وتەی حاج خـەلیفـە تائێرە، وتەیەکی دروسـتە؛ ئێمە لە کتێبی (خـزمەتەکانی لەبەرانبەر یەکی ئیسلام وئێران)، بەشی خزمەتە کانی ئێران بەئیسلامدا، سەرەتاو چلۆنێتی پێشکەوت‌و سـەر کەوتنی زانسـتەکان‌مان لە ئیسـلامدا شـی کردۆتەوە، زانستەکانی ئیسلامی لە خـوێندنەوە، شـەریعـەت‌و ریێزمان‌را دەسـتی پیێکرد. لەهەوەڵەوە سەرنج بەزانستەکانی فەلسەفە یاطبیعی یا ریاضی نەدە درا، وردە وردە، بەو زانستانە سەرنجدرا.

بەشی دووهەمی وتەی حاج خەلیفە ئـەمەیە: «حـەتتا ئـەڵێن کە عەرەب، کاتی گرتنی شارەکان، هەر کتێبیکی کەوە دەستی کەوتبایە ئەی سووتاند».

ئەبینین کەحاجی خـەلیفـەش ـ هەرچـەند کە مێژو نووس نیە ـ نوکتە یەکی کە

کارزانی نەقڵو وتە، گێرە وە، لە کاری خۆیاندا لەبەر چاوی ئـەگرن، چـاوە دێری لیٚکردوە. نەی وتوە، کە عەرەب کاتی گرتنی شـارەکان، کتێبان ئـەسـووتێنن؛ کەبێتە بروا دەربرینی خـۆیو، دان بەوەی خـەڵك وتوویانە، ئـەڵێ: «وا ئەڵێن.....».

شك لەمە دانیە، کە لەزەمانی حاج خەلیفە کە سەتەی یازدەهەم بوە، قسەیەکی ئاوا کراوە. چوار سەتە بوە، کە ئەم قسە ئەوترا و خودبەخودو سەتە بە سەتە، زیاتر ئەکەوتە سـەر زمانان. وەك ئـەمە وایە، کە ئێمە ئێسـتا بڵێین: وا ئـەڵێن..... و زۆریش ئەوترێ کە موسوڵمانانی سەرەتای ئیسلام، لە هەر جێگـەیەك کتێبێکیان دەس کەوتبایە، ئەیان سووتاند. ئـەگەر ئێمرۆ ئێمە قسـەیەکی وا بکـەین درۆمان نەکردوە؛ چونکە بیسـتمانو دیتمان لە زەمانی عبداللطیف و ابوالفَـرّجو قفـطی را، قسەیەکی وا دەس پیٚکراو، دوایەش درێژەی پیٚدرا.

کەوابوو حاج خـەلیفـە جگـە لەمەی وەك عبداللطیفو ئـەوانیتر، مەدرەكو بەڵگەیەکی ناو نەبردوە، شتێکی تازەی نەوتوە، ئەوەی لە زەمانی ئـەودا، کەوتۆتە سەرزمانان، بەوشەی فعل مجهول عەرەبی (ویروی) واتە: وا ئەڵێن و بە نیشانەی باوەر پیٚ نەکردن هێناویەتە سەرکاغەز.

مقریزی

دوای عبداللطیف، تاقمێکـیتر عەینی وتەی ئـەویان لە کتێبەکانی خـۆیاندا هێناوەتە سەرکاغەز وچون ئاشکرایە سـەرچـاوەی نەقڵەکە ئـەچێتەوە سـەر عبداللطیف، شیاوی باس لیٚکردنو لێکوڵینەوە نیە.

بۆ نموونە مقریزی، کتێبێکی سەبارەت بە مێژوی میسر نووسیوە، کە بە «خطط مقریزی» ناوبانگی رۆیشـتوە. ناوبراو لەو جێگـەیە، کەوەك مێژو نووسـێك باسـی گیرانی ئەسکەندەرییەی نووسـیوە، ناوێکـی لە کتێب سـووتان نەبردوە، بەڵام لەو جێگایە کە ئـەگاتە تاریفـی «عَمودالسّـاوی» کە عبداللطیف هەر وەك ئـەو، وتەی بەناوبانگی خـۆی لە ژێر تاریفـی ئـەو جیگـایە دا کوتوە، عەینی وتەی عبداللطیف وشە بە وشە، دووپاتە ئەکاتەوە؛ ئەمە بۆ خۆی نیشان ئەدا، کە مقریزی پچوکترین روایەکی بەم نەقڵە نەبوە، دەنا بەلانی کەمەوە، دەگەڵ باسـی گیرانی ئەسکەندەرییە، ئـەی نووسـی، یان وشـەی «ویذکَر»یانی (وا ئـەڵێن)ی، لە

وتارەکەی دەر دەخستو نەی دە نووسی.

ابن خلدون و کتێب سووتانی ئێران

ئێستا نۆ بەی ئەمەیە کە لێکۆڵینەوەی وتەی ابن خلدون، کە سەبارەت بەکتێب سووتان لە ئێران باسی کردوە وچوارەمین بەڵگـەیە، کە خوا لێ خۆشبوو دوکتور موعین بە نەقڵ لە پورداود، هێناویەتەوە، دەس پێ بکەین.

ئەگەر نەروانینە ئەسڵی وتاری ابن خلدون، و بە نەقڵی پورداود لە «یشتها»دا، کە خوا لێ خۆشبوو دوکتور موعین باسەکەی لەوێ دەر کێشاوە، باوەر بکەین، ئەبێ بڵێین ابن خلدون کە خۆی مێژو نووسەو دەگەڵ عبداللطیف کە هەرپزشکەو ویستوویە سەفەرنامە بنووسێ، یا ابوالفَرَج کە ئەویش پزشکە یا حاج خەلیفە، کە فهرست نووسە واتە پێرستی کتێبانی نووسیوە، و حەتتا دەگەڵ قفطی کە تاریخ الحکمای نووسیوە، ناکرێ هەڵیانسە نگێنین. ابن خلدون، هەرچەند لە ئاخرو ئوخری سەتەی هەشتەمو سەرەتاکانی سەتەی نۆهەمی کۆچیدا ژیاوە، و لە مێژو نووسانی سەتەی دووهەمو سێهەمو چوارەم نیە، کە بۆخۆی بتوانێ راستەو راست لە ریگەی مەبەست وەرگرتن لە خەڵك بەبێ ئەوەی بتوانێ بەڵگەی مەبەست بەرێتەوە سەرکتێبو کانگای رەسەن، شتی ئاوا قەدیمی بنووسێ بەڵام بەهۆی ئەمە، کە ناوبراو مێژو نووسێکی مێژوی گشتیەو جێگای بروایە، ئەگەر مەبەستێك بە چەشنێك بنووسێ کە برواو باوەری پەوی ئەو راستەقینەی باسەکە نیشان بدات، ئەبێ بڵێین کە بەڵگەیەکی دەس کەوتوە، کە لانی کەم، بۆ ئەو جێگای باوەر پێکردن بوە؛ کەوایە وتەی ئەو هەرچەند قەولێکی تەواو روون کراوە وە نایەتە ژمارە، بەڵام ئەکرێ بە وتەیەکی «مُرسَل» و ناردراوە بناسرێ.

بەڵام ابن خلدون بروای خۆی دەر نەبریوە و بە شێوەی «فعل مجهول»، واتە کارێکی کە بەجێ هاتنی روون نیە، قسەی لێ کردوە؛ ئەویش وتاری خۆی بە «وَلَقَد یقال» واتە (بزانە ئاوا ئەڵێن) دەس پێ کردوە. یانێ وتەیەکی بێپێز نەحەتتا کەم هێز (مُرسَل).

جگە لەمە، ابن خلدون لە سەرەتای قسەکەی چەند وشەی زیاد کردوە، کە پتر بۆتە هۆی کەساسیو باوەر پێ نەکراوەیی باسەکە.

ناوبراو، دوای ئەوە بەپێی رواڵەتی کۆمەڵایەتی تایبەتی خۆی ـ کە جێگـای

قبوولّی خەڵکی دیکەنیە ـ وئەویش ئەمەیە: «لەهەر جێگـایەك کە مڵك وئـاوەدانی پەرەی سەند بیّ، بمانەویّ یا نەمانەویّ زانسـتەکانی عەقڵی پەرە ئـەسـتێنن.» لەو وتانە، نەتیجە ئەگریّ: «لە ئێران کە مڵك وئاوەدانی پەرەی سـاند بوو، نە گونجـا وە، زانستەکانی عەقڵی پەرە نەستێنن.» ئەڵیّ: وە بەو جۆرە ئەڵێن، کەئەم زانستانە لە لایەن ئێرانیانەوە بەیونان گەیشتوە، ئـەوکاتە کە ئـەسکـەندەر دارای کوشـتو بەسـەر وڵاتی «کەیانی» دا، دەسـەڵاتی پەیدا کردو کتێبەکانو زانسـتەکانی زۆرو بیّژماری کەوتە دەسـت، هەر وەها، وەختیّ وڵاتی ئێران بەهۆی عەرەبان گیرا، کتێبیکی زۆریان چاو پێکەوت **سَعدِ وَقّاص** نامەی بۆعومەر نووسی......».

وەکوو ئێمە ئەزانین، ئەوەی کە ئەسکـەندەر کتێبانی لە ئێرانەوە بردبێتە یونانو دوای گیرانی ئێران بە دەستی ئەسکەندەر، یونانیان زانستەکانی تازەیان وە دەست کەوتبێت. مەبەستێکە کە هیچ مێژوێك ئـەوەی نەوتوە و هیچ بناغەو بنچینە یەکی نیە.

ئـاغای پورداود، لێرەدا دەغەڵیان فـەرموە؛ چـونکە بەشـی هەوەڵ کە بریتیە لە روون نەبوونی باسەکە «**ولقـد یقـال**» و هەر وەها، داسـتانی دروسـتکراوی گوێزتنەوەی کتێبانو زانستەکان لە ئێرانەوە بۆیونانی لابردوەو دەسـتی کردوە بە نەتیجەگیریو ئاکام وەرگرتن لە قسەکانی خۆی.

سەر چاوەی، باسە دروستکراوەکەی کتێب سووتانی ئێران

سـەر چـاوەی بەیتو باوێکـی کە ابن‌خلدون ئیشـارەی پیێ کردوون، دەگەڵ بەدیهێنەرانی دەلەسەی کتێب سووتانی ئەسکەندەرییە، لە رواڵەت دا دوانن. باسـە بڵاو کراوەکەی کتێب سووتانی ئەسکەندەرییە، مەسـیحیەکان دروسـتیان کردوە، بۆئەوەی ئەم کارە خراپە، لە ملی خۆیان کە بەدیهێنەری ئـەسـڵی ئـەون، دابرنو بیخەنە سەرئەستۆی موسـوڵمانان. بەڵام سـەرچـاوەی باسو خـواسێکی کە ابن خلدون ئیشارەی پیێ کردوون، لە رواڵەتا «شعوبیە[1]» کانن، ئەویش شعوبیانی ئەم

---

١) شـعوبیە یا شـعوبیان، کۆمەڵێك بوون کە زیاتریان ئێرانی بوون و دژی رەگەزپەرسـتیو خـۆبەزل‌زانینی عەرەبەکانی دەورەی (بنی‌امیّە)، کە بە گەلەکانی غەیری عەرەبیان دەگوت (مَوالی) و کاروباری گرینگی وڵاتەکانی ئیسلامیان، بۆ خۆیان داگیرکردبوو و گەلەکانی تریان بەچـاوی سـووك تەماشادەکرد.

شـعوبیەکان لە هەوەڵەوە، دژی رەگەزپەرسـتی خـەباتیان دەس پیێکردو بە لەبەرچـاوگرتنی (اِنّ اکرمکم عنداللە اتقیکم) **آیەی ١٣ سـورەی (حجـرات)**، لە قـورئانی پیرۆز، کە دە فـەرمویٚ (چاکترینی ئیوە کەسـێکە کە پاکترینی ئێوە بێت)، هەوڵیان ئـەدا، چـاکیوپاکی بکـەنە هۆی سەرکەوتنو پێشکەوتن.

ئەو جووڵانەوە، لە زەمانی خـەلیفـەکانی عەبباسـیرا، دەسـتی پیێکراو تا رادەیەك بافیشو خـۆبەزل‌زانینی عەرەبەکانی کەم کردەوە. بەڵام لە دواییدا، شـعوبیان بۆخـۆیان رەگەز پەرسـتیو هەستی خۆ لە هەموو کەس چاکتریان، دەس پیێکرد. بەخـۆدا هەڵکـوتنو شانازی بەرابردوو، پاکتر نیشان‌دانی رەگەزی عەجەم بەسەر عەرەبدا، و عەیبوعار نیشان دانو سەروگوێ کوتانی ئەوانیان، بە وتارو وشەی ناحەزو سووك، پەرەییدا. نووسەرانو شـاعیران، **مثالب العـرب**، یان واتە: عەیبو شورەییەکانی عەرەبانیان نووسیو بڵاوکردەوە و ناوی چەندکەس لە شـاعیرانو نووسـەرانی شـعوبی

←

دواییه. ابن خلدون خویشی خاڵی له هەستی شعوبایەتی و دوژمنایەتی سەبارەت بەعەرەب نیه. شعوبیانی ئیرانی، دروشمیان ئەمە بوو: «هنر نزد ایرانیان است و بس». واته: «زانینو هونەر، هەر لای ئێرانیانەو تەواو».

له رواڵەتی وتەی **ابن خلدون**، ئەکرێ ئەمە تێبگەین، که ویستویه بڵێ «تەواوی زانستەکانی یونان هی ئێرانه»؛ له حاڵێکا ئەزانین که ئەسکەندەر له زەمانی **ئەرَسطو**دا هێرشی بۆئێران هێناوه و شارستانێتی یونان لەو کاتەدا، لەپلەی بەرزی پشکوتنو گەشانەوه دا بوه.

مەبەستی دیکه ئەمەیه، که ئەوەی تائێستا له **ابن خلدون** گێراویانەتەوه، له سەرەتای نووسراوەی ئەوه، که کتێبیکه فەلسەفیو کۆمەڵایەتی. هێشتا نەمان دیوه، که ئەم مەبەسته، کەسێك له مێژوه نوسراوەی کەی ئەو بەناوی «**العبرو دیوان المبتدأ والخبر**» گێرابیەتەوه. **ابن خلدون** ئەگەر بۆ ئەم چیرۆکه بایەخی مێژویی لەبەر چاو بگرتایه، دەبوو لەودا، بیگێرابایەوه.

بەداخەوه مێژوی **ابن خلدون** له ئیختیارم دانیه، بەڵام ئەگەر شتێکی (سەبارەت بەم مەبەسته)ی تێدا بوویایه، زۆر دوور بوو که له دەس زیرەكو رەندان دەر بچووبایه؛ ئەگەر مەبەستێکیوا، له مێژوکەی **ابن خلدون** دا بوویایه، لەویان باس دەگێراوه، نەك له سەرەتاکەی. دەبێ بروانرێته عەینی مێژوی **ابن خلدون** دا.

→

ئەمانەن متوکل له هاودەمانی متوکل خەلیفەی عەبباسی، بشّار بن‌برد طخارستانی، ابوعثمان سعیدبن حمید،؛ له نەجیبزادەکانی: ئێرانی نووسەری کتێبی **انتصاف العجم من عرب و فضل‌العجم علی العرب و افتخارها** میثم بن العدی هاوزەمانی منصورو مەهدیو هادیو هارون، خاوەنی کتێبی «المثالب الصغیر، کتێبی المثالب الکبیر، کتیبی مثالب ربیعه، اخبار الفرس».

وەهی دیکەیان وەك: سهل بن هارونی دەشت میشانی هاوزەمانی مأمونو سەرۆکی بیت‌الحکمه، که چەندکتیبیی له بارەی کارە ناحەزەکانی عەرەبدا، نووسیوه. علاّن شعوبی، خاوەنی **المیدن فی المثالب**، معمّربن المثنی دانەری کتێبی لصوص العرب و فضائل الفرس، لێ هەڵکەوتووەو له سەتەی دووەم تا سەتەی چوارەمی کۆچی به توندی خەریکی شانازی کردن به رابردوی خۆیانو سووكو چروك نیشان دانی عەرەب بوون.

کورتەیەك له فەرهەنگی موعین، جزمی ٥، ئەعلام، لاپەرەی ٩٠٤ چاپی سێهەم، ١٣٥٦ هەتاوی.

وه کەمێك له دایره المعارفی فارسی (دوکتور غولامحسین سەفا) جزمی دووەم، بەشی یەکەم، لاپەرەی ١٤٧٨.

«وەرگێر»

نیشانه رواڵه تیەکان بۆ درۆ بوونی مەبەستەکە

لەبارەی کتێبخانەی ئەسکەندەرییە، سەرەرای نەبوونی سەرچاوە وجگـە لەوەی باسگێرە وەکان بە چەشنی کاری نادیاری (فِعل مجهول)، کە نیشانەی بیَباوەری خۆیانە سـەبارەت بەمەبەسـتە کە، باسـەکەیان گێراوەتەوە. لیزگە نیشـانەیەکی رواڵەتیش بۆ درۆ بوونی کارە ساتەکە هەبوو، یەکێك لەوان ئەمەیە مێژو ئەڵێ:
«ئەم کتێبخانە، لە سەتەکانی پێش ئیسلامەرا، لەناو چوە».

سەبارەت بەکتێب سـووتانی ئێرانیش هێندێك بەڵگـەی رواڵەتی هەیە، یەکیان ئـەمەیە کە، هەر لە بنەرەتا مێژو، بوونی کتێبخـانەیەکی لە ئێران‌دا باس نەکردوە. بەپێچەوانەی کتێبخانەی ئەسکەندەرییە کە بوونی کتێبخانەیەکی بەم چـەشنە، لە ساڵەکانی نێوان سێ سەتە، بەر لە دایك بوونی حەزرەتی عیسا، تا نزیکـەی چـوار سەتە دوای زایینی، مێژو لەسـەری سـوورە وبوە. ئـەگەر لە ئێرانیش کتێبخـانە بونایە کە ئەگەر سووتاند نیشیان باسی لیَ نەکرابا، بەلانی کەم بوونی کتێبخانەکە باسی لیَ دەکرا. ئەزانین بەتایبەت بەهۆی ئەمە، بەسـەر هاتە کانی ئێران‌و مێژوی ئێران، زیاتر لە هەر جێگـایەکی دیکـە لە مێژوی ئیسـلامی دا، بەهۆی خـودی ئێرانیان نووسراوەو راگیراوە.

دیسان بەهۆی ئەمە، لە ئێران‌دا کارەساتی ئاوا تایبەتی روویان داوەو حاڵەتێکی وەهایان بەدی هێناوە، کە ئەگەر کتێب سـووتان لە ئێران‌دا رووی بدایە، هیچ لیَی رانەدە وەستان‌و دەس بەجیَ ئـەیان نووسـی‌و رایان ئـەگرت‌و زۆریش بەئێشـتیا و تین‌و تایبەت، ئەو کارەیان ئەکرد و هۆو هەلێکی بۆ ئـەو کارە هەڵکـەوتبوو، پەیدا بوونی شـعوبیە بوو. شـعوبیگەری هەرچـەند لە هەوەڵەوە، شـۆرشێکی پاکی

ئیسـلامی، داخـوازی داد پەر وەری‌و دژی جیاوازی دانان‌و زۆرەملەی رەگەزێك بەسەر رەگەزێکی دیکـەدا بوو؛ بەڵام لە دوایی‌دا گۆرا، بەجـووڵانە وەیەکی رەگەز پەرستانەی دژی عەرەب. ئێرانیانی شـعوبی مەبەسـت، زۆر کتێبیان سـەبارەت بە (مثالب العَـرَب) واتە: ناحـەزنیشـان دانی کردەوەی عەرەبەکان نووسـی‌و لەهەر جێگـەیەك تۆسکـاڵە رەخنەیەکیان لە عەرەب دەدیتەوە، زۆر بە تین‌و تانەو تیزو لۆمەوە، نووسیان‌و بڵاویان کردەوە. ئـەگەر لە کەڵین‌و قـوژبنی مێژو دا، تۆسکاڵە شتیێ کیان بدوزیایەوە، لە سیرتا پیواز، لێی رانە دەوەستان.

ئەگەر عەرەب عەیبێکی ئاوا گەورەی بوبایەو کتێبخانەی ئاگر بدابایە، بە تایبەت کتێبخانەی ئێران، حەستەم بوەو نەئـەگونجـا شـعوبیان، کە لەسـەتەی دووەمی کۆچـی‌را، کاریان بەرەو سـەر رویشـتبوو وعەبباسـیەکان بە گوێرەی دوژمنایەتی دەگەڵ بەنی ئومەییەو هەسـتی دژی عەرەب کەبوویان بە شـعوبیەکان پەروباڵیان ئەدا، سەبارەت بە کتێب سووتانی عەرەبەکان بێدەنگ‌و کرومات دا بنیشن، بەڵکـە زۆریشان لەسەر زیاد دەکردو هەراو قریوەیان وەریێ دەخست؛ لە حـالێکا شـعوبیان ئەو کارەیان نەکردو ئەمە بۆخۆی بەڵگە یەکی پتەوە بۆ ئەوەی دەرکەویێ، چیروکی کتێب سووتانی ئێران خەیاڵیە.

کورتەی وتار

وتاری ئێمە سەبارەت بەکتێب سووتانی ئێران‌و ئەسکەندەرییە، دوایی هات. کورتەی وتار بوو بە ئەمەکە: تا سەتەی حەوتەمی کۆچی، یانێ تانزیکەی شەش سەت ساڵ دوای گیرانی ئێران‌و میسر، لە هیچ بەڵگەیەك، چ ئیسلامی‌و چ غیرئیسلامی، باسێك لە کتێب سووتان ـ بەهۆی موسوڵمانان ـ نیە.

بۆ یەکەم جار لە سەتەی حەوتەمدا، ئەم مەبەستە دێتەدی. کەسانێکی بە دیهێنەرن.

یەکەم ـ هیچ بەڵگەو سەرچاوەیەکیان نیشان نەداوە و بەراستی باسگێرانەوە کەیان بایەخ‌و باوەر پێکراوەیی مێژوویی نیەو ئەگەر جگە لەو کەمایەسیە، هیچ ناتەواوی دیکەشی نەبایە، بۆ بێ بایەخی وتەکەیان هەر ئەمە بەس بوو.

دووەم ـ تەواوی ئەوانە جگە لە ابوالفرج و قفطی، بەیت‌و باوو باسێکی سەرزمانی خەڵکیان گێراوەتەوە نەك بەسەر هاتێکی راستەقینەیان نووسی بێت. لەرواڵەتی قسە گێرانەوە ویاسای باس وەرگرتنی مێژوویی‌دا، هەر وەختێك باسگێروە، لەجیاتی ئەوەی عەینی بەسەر هاتەکە بگێرێتەوە، «وتەی سەر زمانان» بنووسێتەوە، یانی لە جیاتی ئەوە بڵێ: شتێکی ئاوا رووی‌دا، بنووسێ: «ئەڵێن شتێکی‌وا، رووی داوە»؛ نیشانەی ئەمەیە، کە حەتتا وێژەریا نووسەر، بۆخۆی بروای بەرووداني ئەو بەسەرهاتە نیە.

سێهەم ـ باسە گێردراوە کانی سەتەی حەوتەم، کەریشەو کانگای باسەکانن، یانی باسگێرەوەیی **عبداللطیف** و **ابوالفرَج**، لە ناوە رۆكدا بریتین لە دەلەسەو درۆی ئاشکرا، کە ئەمەش بەڵگەی بێ بایەخی ئەوانە.

جگە لە تەواوی ئـەمانە، چ لەبارەی ئێران و چ سـەبارەت بە ئـەسکـــەندەرییە، نیشانەی رواڵەتی (قــرائن خـــارجی) هەیە، کە ئــەگەر نەبوونیو کە مایەســـی بەڵگەیی و ناوە رۆکیشیان نەبایە، ئەو رواڵەتی راستەقینانە، وتەی ئەوانی لە بایەخو باوەر پێکراوەیی ئەخست.

تکای لیّ بوردن له خزمەت خویّنەران، سەبارەت بە درێژەدانی وتار

ڕەنگە بۆ خـوێنەری بەڕیز، ئـەم بڕوایە بیێتەدی، کە سـەبارەت بەم مەبەسـتە، بەدرێژە قسەم کرد بیۆ لە کاری لێکوڵینەوە دا، زۆری لەسەر ڕۆیشـتبمو هەر ئـەم کورتە باسەم تۆزێك درێژ بکردایەوە، ئیتر بەس بوو.

دان بەمە ئـەدەم کە ئـەگەر چیروکی کتێب سـووتان، تەنیا بەناوی تاقـەرووداوەیەکی مێژویی لە ریبازی لێکـوڵینەوە دا، بکـریّ لێك بدرێتەوە، ئیتر نیازی بەم هەموو لەسەر ڕۆیشتنە نیە. بەڵام خوێنەری بەڕێز ئەبیّ بزوانی، کە ئەم داستانەیان لە جاغزی لێکوڵینەوە و لە باری لێکدانە وەی زانستی دەرخستوەو «سـوژە»یەکیان بۆ تەبلیغاتو هەڵخەڵە تاندنی خەڵك لیّ دروست کردوە. بۆ لێکوڵە رانی بیّ لایەن، چ موسوڵمانو چ غەیری موسـوڵمان، بیّپایەو بیّمایە بوونی ئـەم ئـەفسـانەیە، سوورو روونو ئاشکرایە، بەڵام کۆمەڵانێکی کە بە چـەشـنێك قـازانجی خـۆیان لە بەگویّ گەیاندنی ئەم چیرۆکە ئـەبینن، دەسـت هەڵناگرن؛ تەقـەلا ئـەکەن لە ڕێگەکانی جۆر بەجۆر، ئەم داستانە بکەنە هۆی ڕاگەیاندن. بەگویّ گەیاندنی کتێب سووتاندن لە ئێرانو لە ئەسکەندەرییە، وردە وردە، بە چەشنی یەك «دەسـتوور» و «یەك شێوەی پەلامار» دەرهاتوە.

شبلی نعمان لە کتێبیلکەی «کتێبخانەی ئەسکەندەرییە» دا ئەڵیّ:

لێکوڵەرانی بەناوبانگـی ئـوروپایی وەکوو: **گیبون، کارلیل، گدفـری، هکتور، رنان، سیدلو** و هی دیکە، زۆر بەی ئەو باسـە هیچو پووچـانەیان ـ کە سـەبارەت بەئیسـلامو موسـوڵمانان بڵاو کراونەوە ـ بەناراسـتـو بیّ بناغە زانیوەو روونو ئاشکرا، ئەمانەیان داونەتە دواوەو، وەدرۆیان خستوونەوە. بەڵام لە نووسراوەکانو

وتەی سەر زمانی زۆر بەی خەڵك دا، هێشتا هەر ماون‌و ئەبێ بزانین لەناو ئەو باسە بڵاو کراوانە کەوتمان، یەکیان باسی سووتاندنی کتێبخانەی ئەسکەندەرییە، یە. ئوروپا ئەم کارە ساتە (خەیاڵیەی) بەدەنگێکی سەیرو ئاهەنگێکی سامهێنەر، بڵاو کردوتەوە کە بەراستی سەر سوور هێنەرە. کتێبەکانی مێژو، چیروك، ئایین، مەنتیق، فەلسەفە، وەی وەك ئەوانە، هیچ‌کام لە نیشانەی ئەو مەبەستە، بەتاڵ‌نین (بۆ ئەمەی ئەم چیروکە لە بیری خەڵك‌دا، ئاوێتە بکرێ لەهەر چەشنە کتێبێك‌دا، بەبیانووی کەوە، ئەم باسەیان تی پەستاوتوە، تا دەگاتە کتێبی فەلسەفەو مەنتیق).

حەتتا ساڵێك لە ئازمون‌و تاقیکردنەوەی ساڵانەی «اونیورسیتە»ی کەلکەتەی هیند (کە لە ژێر چاوەدێری ئینگلیسیەکان دا، بوو) لە کاغەزی پرسیاری‌دا، بۆ «منطق» کە چەند هەزار نوسخەی لیٔ چاپ‌کرا بوو، هەڵدان‌و زانینی مەتەڵۆکەی خوارەوەیان پرسیار کردبوو.

ئەگەر کتێبەکان دەگەڵ قورئان یەك دەگرنەوە پێویستیەك بەوان نیەو ئەگەر یەك ناگرنەوە هەموویان بسووتێنە[1].

شبلی نەعمان لە دوایی دا، ئەو پرسیارە دێنێتە پێش کە، چ سیاسەتێك لە کارایە؟ ئایا ئەمە، هاودەردی‌و دڵسۆزیە، سەبارەت بەو کتێبانەی ئەڵێن سووتاون، یا هەست‌و ویستێکی دیکە لە کاردایە؟.

ئەگەر دڵ پیٔ سووتانە بۆچی سەبارەت بەو کتێب سووتانەی ئاشکراترو زۆر گرینگتر، کە لەگیرانی «اندلس» (ئەسپانیا) و شەرەکانی سەلیبی‌دا، بەهۆی خودی مەسیحیەکان بەدی‌هات هیچ کاتێك دڵسۆزی ناکرێ؟!.

شبلی بۆ خۆی بەم چەشنە لە وەڵام دا ئەڵێ کە: هۆی ئەسڵی ئەمەیە کە ئەم کتێبخانە، مەسیحیەکان بۆ خۆیان بەر لە ئیسلام لە ناویان بردو ئێستا بەراگەیاندن‌و بەگوێ گەیاندنی زۆرە وە، وا نیشان ئەدەن کە ئەم کتێبخانە، موسوڵمانان لەناویان بردوە، نەك بۆ خۆیان. مەبەستی راستەقینە، داپۆشانی رووی گوناحی خۆیانە.

عیللەت‌و هۆیەکی کە شبلی ناوی ئەبا، یەکێکە لەو عیللەتانەی مەبەستەکە، کەتەنیا لەبارەی کتێبخانەی ئەسکەندەرییە وە راست ئەگەرێ، چەند هۆیەکی دیکە

[1] شبلی نەعمان، کتێبخانەی ئەسکەندەرییە، لاپەرەی ٦.

لە کاردایە. مەسئەلەی ئەسڵی ئیستعمارە. ئیستعماری سیاسیو ئابووری، ئەو کاتە سەر ئەکەوێ کە لە ئیستعماری فەرهەنگیدا، سەرکەوێت. بێ بڕواکردنی خەڵك سەبارەت بە فەرهەنگی خۆیان، شەرتی ئەسڵی ئەم سەرکەوتنەیە.

داگیر کەر بەوردی لێی حاڵی بوە وتاقی کردوّتەوە کە، فەرهەنگێکی گەلی موسوڵمان پاڵیان پێوە داوەو بیرو بڕوایەکی پێی ئەنازن، فەرهەنگو ئیدئۆلۆژی ئیسلامییە و ئەوی دی هەمووی قسەنو لە چوار دیواری ڕۆنیشتنو قسەکردن (کۆنفرانسەکانو جێژن گرتنەکانو کۆنگەرە کانو سێمینارەکان) تێ ناپەڕێ و ناچێتە ناو کۆمەڵ. بەس کە وایە ئەبێ خەڵك لەو بیرەو لەو ئیمانەو لەو باوەڕە و لەو دڵپاکیەو جوانبینیە، بەتاڵو حەتاڵ بکەن تائامادە بکرێن بۆ ئەوەی وێنەی غەربیەکان بن.

بۆ بەد گومانکردنی خەڵك بە فەرهەنگو بیرو بڕواو پەیام هێنەرانی ئەوانە، کامشت لەمە چاکترە، کە بەنەسلو بەرەی نوێ وانیشان بدەن کە، ئەو کەسانەی ئێوە خەیاڵ ئەکەن نەجاتو ڕزگاری خەڵكو پێشەوایی نەوعی بەشەریان بۆ بەختەوەری پێ ئەسپێردراوە و بەم ناوە هەڵمەتیان بردە سەر وڵاتە کانی دیکەو حکومەتانیان ڕووخاند، بۆخۆیان پەلە وەرانە ترین کاریان کردوەو ئەمەش وێنە ونموونەی.

بەم هۆیەوە خوێنەری بەرێز، سەر سوور نامێنێ کە بەبڕوای کۆری تاقی کردنەوەیساڵیانەی **ئونیورسیتەی** هیند، کە بەهۆی ئینگلیسیەکان بەڕێوە دەبرا، بۆ هەڵدانی مەتەڵۆکەی منطق پرسیارێك نەدەبیندرا، جگە لە وتارە دروستکراوە کەی (فەرمانی کتێب سووتاندن) و بۆ نووسەرێکی ئێرانیش کە سەرەتای فەلسەفەی بۆ پلەی شەشەمی ناوەندی نووسیوە و هەر ساڵەی دەیان هەزار نوسخە لەو چاپ ئەکرێو ئەدرێتە دەس قوتابیانی بێخەبەری سادە دڵو سافیلکەی ئێرانی، لەو جێگایەدا، کە لەبارەی **«قیاس استثنائی»** (واتە لێك دانەوەو بردنەوە سەریەکی دوو مەبەستی هەڵکە وتوو) لە منطقدا، باس ئەکرێ، نوو سەر سەرەرای بیرکردنەوەو زۆرهێنان بۆمێشکی هیچ پرسیارێکی دیکەی بە بیردانە هاتوە جگە لە هەمان پرسیارەکەی پرسیار کەرانی ئینگلیسی، لە **ئونیورسیتەی** کەلکەتە کردویانەو ناچار بوە مەبەستەکە بەم چەشنە دا بمەزرێنی: ئەگونجێ بردنەوە سەریەکی هەڵکەو توو **(قیاس استثنائی)** لە یەك کاتا، لێك جیاو بە

یەکەوە نووساو، یانیٚ تیٚکەڵ بیٚت: ویٚنەی ئەم چەشنە قیاسە وتەی بەناوبانگی پیٚشەوای عەرەبە کە وەختیٚ ویستی عیللەتو هۆ بۆ سووتاندنی کتیٚبخانەی ساسانیان بدوزیٚتەوە و بە کاریٚکی شیاو نیشان بدات، بەم جۆرەی دەلیل هیٚناوە:

ئەم کتیٚبانە، یا دەگەڵ قورئان یەکیٚکن یا دژی ئەون، ئەگەر یەکن بوونیان شتیٚکی زیادی‌یە، ئەگەر دژی ئەون هەر بەو چەشنە کەزیادین زیانباریشن وهەر شتیٚکی زیادی‌و زیانبار بیٚت ئەبیٚ لە ناوچیٚت. کەوایە لەهەر حاڵا، ئەم کتیٚبانە ئەبیٚ ئاگر درێن[1].

چەند ساڵ لەمەو بەر، لە موئەسسەی ئیسلامی حوسینیەی ئیرشاد، دوو وتارم بڵاو کردەوە؛ کەناوەکەی **«کتیٚب سووتانی ئەسکەندەرییە»** بوو و بیٚبناغە بوون‌و درۆ بوونی ئەم باسەم روون کردەوە. لە بیرمە کە دوای تەواو بوونی ئەو وتارانە، لە لایەن موسوڵمانیٚکی پاکیلکە نامەیەکم پیٚ گەیشت بەم ناوە رۆك ومانایە: کە تۆ بۆ دەتەویٚ درۆ بوونی ئەم روو داوە، بەخەڵك گویٚ بیست بکەی!؟ لیٚی گەریٚ، ئەگەر درۆشە، با خەڵك بیڵیٚن چونکە درۆیەکە بۆ مەسڵەحەت‌و بەگویٚ گەیاندنیٚکە دژی عومەری کوری خەتتاب‌و عەمری کوری عاس.

ئەم موسوڵمانە پاکیلکە خەیاڵی کردبوو، کە ئەم هەموو شەیپوور و کەرەنایە، کە لە ئوروپا را هەتا هیندی پر کردوە؛ ئەم هەموو کتیٚبە لەبارەی‌دا ئەنووسن‌و چیرۆکی بۆ دروست ئەکەن‌و بۆ ئەمەی راست‌و حەتمی بیٚتە بەرچاو، لە کتیٚبەکانی فەلسەفەو مەنتیق‌و پرسیاری ئیمتحانی‌دا، ئەی نووسن، بۆخاتری هەستی دوژمنایەتی سەبارەت بە عومەر یا دژی عەمری کوری عاسە، یان بۆ نزیك بوونەوەی خۆیان بۆ لای خوا و بۆ خزمەت کردن بە جیهانی شیعەو ئابروو بردنی غەیری ئەوانە. ئەم جۆرە کەسانە، نازانن کە مەبەست لە هیٚنانە پیٚشی ئەم چەشنە باسە، مەسئەلەی ئیسلامە نەك شتیٚکی‌تر؛ نازانن کە لە دنیای ئەمرۆدا، چەکی کار لیٚهاتوو دژی یەك دین‌و یەك ئایین باسە کانی کەلامی‌و دەلیل هیٚنانەوەی مەنتقی زەینی‌و بیراوەری نیە، لە دنیای ئەمرۆدا، شیٚوەی توش هاتنی بروا پیٚکەرانی ئایینیٚك لە میٚژو دا، دەگەڵ ئاکارو دیمەنی فەرهەنگ‌و شارستانیٚتی دیکە، کار لیٚ هاتووترین چەکە، بە قازانج یادژی ئەو ئایینەو ئەودینە.

تەواو

---

[1]) دوکتور عەلی ئەکبەر سیاسی **(مبانی فلسفه)** لاپەرەی ٢٥٤.

گوڵچینێك لە کتێبی ژیاننامەی حەزرەتی عومەر، سەبارەت بە کتێب سووتان

سەبارەت بە روون کردنەوەی ئەم مەبەستە، کە کتێبخانەی ئەسکەندەرییە بەهۆی خودی مەسیحیەکان ـ بە درێژایی مێژو ـ لەچەند کەڕەت دا ئاگر دراوەو لەناو چوە، ئاغای «باقر قائم‌مقامی» لە کتێبی: *ژیانی ئایینی و سیاسی عومەری کوڕی خەتتاب*، لەژێر لاپەرەکانی ٩٦ تا ١٠١ بەشی پازدەهەم، تارێکی بەڵگەدارو ڕوونکەرەوەی هەیە.

هەر وەك لە سەرە تاکەی ئەم کتێبەدا نووسراوە: «الکساندر مازاس» نووسەری بەناوبانگی فەرانسەوی، کتێبێکی بەناوی *ناو دارانی رۆژهەڵات* هەیە، کە جزمی یەکەمی ئەوکتێبە، سەبارەتە بە چلۆنایەتی ژیانی حەزرەتی پیغمبەر(ص). و حەزرەتی عومەر و مەئمون‌و سەلاحەددینی ئەییوبی.

ئاغای قایم مقامی، ژیاننامەی حەزرەتی عومەری بە فارسی وەرگێراوەتەوە و لە ڕێبەندانی ساڵی ١٣١٩ ی کۆچی هەتاوی‌دا لە شرکەتی چاپی کتێب، چاپخانەی بەهار، بڵاوی کردوّتەوە.

ئاغای قائم‌مقامی ئەنووسێ: «لەو کاتەوە کە «بطالسە» بەسەر ئەسکەندەرییەدا زاڵ بوون، شاری ئەسکەندەرییە، بوو بە کانگەی زانست‌و کتێبخانەیەکی گەورە ـ کە ژومارەی کتێبەکانی بە حەوتسەت هەزار دەگەیشت ـ لەوێ‌دا پێك هات. لەساڵی ٤٧ ی بەر لە زایین کە لەسەر ـ پاشایەتی میسر لە نێوان «کلئوپاتر» و «بطلمیوس»ی سێزدەهەم بووبە شەڕ «ژولیوس سزار» بەلایەنگری کلئوپاتر، هاتە میسر و شاری ئەسکەندەرییەی گەمارۆدا. بطلمیوس پەنای بردە کۆشکی پاشایەتی، بۆ ئەوەی دەری پەڕێنن، دەورو بەری کۆشکەکەیان ئاور تێبەر داو ئاور

گەیشتە کتێبخانەی ئەسکەندەرییەش و تەواو ـ یالانی کەم ـ بەشی زۆری ئەو کتێبخانەی سووتاند.

ئەم بەسەر هاتە، «قەیسەر» و «سیسرون» (شیشرون) و هەر وەها «تیت‌لیو» (طیطس لیفیس) ومێژو نووسەکانی دیکەی هاو زەمانی ژولیوس سزار نووسیویانە و فیلسوفی بەناوبانگی رووم «سنگ» (سنکا)ش، دوای سەتەیەك کەلەو رووداوە گوزەرا وە، گێراویەتەوە، بە چەشنێکی‌وا، کەئەو بەسەر هاتە، ناکرێ حاشای لێ بکرێ.

دوای ئەوە، دەورەی «ژولیوس سزار» بە ئاخر گەیشتو «مارك آنتوان» (مرقص ینذونیس) وڵاتی میسری داگیرکرد، گیرۆ دەی ئەوینی «کلئوپاتر» بوو ونزیکەی ساڵی چلی (٤٠) بەر لەزایین، تەواوی ئەو کتێبانەی کە لە کتێبخانەی پاشاکانی برجو (پرگام) ـ لە ئاسیای پچووك ـ بوو، پێشکەشی کرد بە کتێبخانەی ئەسکەندەرییە.

ژمارەی ئەم کتێبانە، دەگەیشتە دووسەت هەزار و بوونی ئەو کتێبانە، هێندێك لە رەونەق وبرەوی کتێبخانەی ئەسکەندەرییەی زیاد کردەوە ودوایەش، زۆر لە کتێبە نووسراوەکانی پیاوە هەڵکەوتوە کانی رووم ویونان، بەم کتێبخانە پێشکەش کرا.

کاتێ ئایینی مەسیح هاتە وڵاتی میسرەوە، زانستو ثَنَوِیَّت (باوەری بەدووخوا) لەگەڵ زانستو شەریعەتی مەسیحییەت، بەرەنگاری یەك بوون وفێرگەکان‌و ماموستاکانی مەسیحی ـ بەنهێنی ـ دەگەڵ زانستو زانینی قەدیم، دەستیان کرد بە دوژمنایەتی‌و بەر بەرەکانی.

چون ئیمپراتورەکانی رووم، ئایینی مەسیحیان قبولْ کردو ئەودینە بوو بە ئایینی رەسمی دەوڵەتی رووم، زانستو زانینی ئایینی زەمانی پێشوو باوەری بەدوخوا، کەوتە دوا هەناسەی مردن‌و رفحەکانی کتێبخانەی ئەسکەندەرییە، لە کتێبە نووسراوەکانی زانایانی مەسیحی‌و کتێبەکانی ئایینی ئاخندران.

«تئودوزی یەکەم» (تادوسیس) (٣٧٨-٣٩٥) ئیمپراتوری رووم، لە ئایینی مەسیح دا، زۆر دڵسۆزو سەختگیر بوو. ئەمری کرد تا تەواوی پەرستشگاکان‌و فێرگەکانی بوتپەرستەکان تێك دەن‌و هەتا دەتوانن لە ناویان بەرن‌و بە تایبەت کۆشکی «سرابیس» ـ کە لە ئەسکەندەرییە دا بوو ـ و کتێبخانەی ئەسکەندەرییە ـ

که بەهۆی سووتان‌و رووخـانی کۆشکـەکانی «بطالسـه»ی قـەدیم راگوێز رابوونه ئەویٚ ـ خاپوورکراو ئەوەی له کتێبخانەی ئـەسکـەندەرییه مابۆوه، بەم هۆیەوه له ناو چوو.

له ساڵی ٤١٥ی زایینی، فـەرماندەی بەناوبانگـی ئـەسکـەندەرییه، بەناوی «کیرلس‌ی گەوره» ـ که له ئـایینی مەسـیح دا لایەنگـرێکی سـەختگیر بوو ـ به دوژمنایەتی دەگەڵ «هیپاتی» ـ ئافرەتی فەلسـەفـەزانی ئـەو زەمانه ـ ئـەو کتێبه فەلسەفیانە، که له دەورەی پێشو مابوونەوه، ئاگردران‌و «هیپاتی» بۆ خۆیشی کوژ را (٣٧٠-٤١٥).

له ساڵی ٥٢٩ ئیمپراتوری به ناوبانگی رووم «ژوسـتی نین» وای بەباش زانی تەواوی فێرگەکانی فەلسەفەی قـەدیم لەناو چـیٚ وبریاری دا، تا دەرگای فێرگەی بوت پەرستەکان ببەستن. ئـەم فێرگەیه، تەنیا مەدرەسـەیەك بوو که له چـەشـنی فێرگەی بوتپەرەسـتەکان مابۆ وه. وا به بەسـتنی ئـەو مەدرەسـەیه، کتێبه نووسـراوەکانی زانایانی دەورەی دوو خـوایی، له واڵاتی ئیمپراتوری رووم، لەبەین چون؛ بەجۆرێکی وا که نازانین ئایا بەراستی لەکاتی پەلاماری عەرەب، کتێبخانەی ئەسکەندەرییه، خاوەنی کتێبانی فەلسەفـه بوه یا خیر وله *دایرةالمعارف*ی بەریتانیا بەم باسه ئیشاره کراوه. کەوابو، ئـەوەی «ابوالفـرج» سـەبارەت به سـووتاندنی کتیبخانەی ئەسکەندەرییه، بەدەستی عەرەبان نووسیویه، هەڵەو دەله سەیەك زیاتر نیه. چـونکه کتێبخـانەی ناوبراو، دوای ئـەو سـووتمانەی کەپێی گەیوەو دوای ئاگرێکی که به فـەرمانی «تئـودور» تێی بەر دراوه، خـاوەنی ئـەوەنده کتێب نەبوه کەشیاوی باس‌لیٚ کردن بێت.

ئەم باسـه درۆیه له کتێبی پێشـینیانی عەرەب‌و رووم دا، باسـی نەکراوه و تەنیا مێژو نووسێك شەش سەت سـاڵ دوای گیرانی میسـر، له خـۆرا، نووسـیوه و گەورەی کردۆتەوه، و هەرای سـاز کر دوه!! و له حـاڵێکا وڵاتی میسـر خـاوەنی مێژوه، باسی ناوبراو له مێژوەکانی ئەوی‌دا نابیندریٚ.

«بطلر» له ریشەوه ئەو باسـەی لێك داوەتەوەو وتویه: «شـك بۆ ئـەوه ناچـیٚ عەرەبەکان کتێبخانەی ئـەسکـەندەرییه یان سـووتاندبێت؛ چـونکه عەرەبان یازده مانگ دوای زاڵ بوون بەسـەر ئـەسکـەندەرییەدا هاتنه نێو شـارەکه وله بریاری ئاشتی‌دا نووسراوه که روومیان ئـەتوانن ئـەوەی هەیانه له ئـەسکـەندەرییه رای

گوێزن و لە تەواوی ئەو یازدە مانگە دا، ڕێگای دەریا کرابۆوە. کەوا بوو، ئەگەر لە کتێبخـانەی ئـەسکـەندەرییەدا، کتێبی زانســـتی بۆ بایە، بەیەقین ڕوومیان لەگەڵ خۆیان ئەیان بردە دەرەوە».

بۆ ئـــاگاداری زیاتر، بروانرێتە کتێبێکـــی کە «شـــبلی نعمان» ســـەبارەت بە کتێبخانەی ئەسکەندەرییە نوسیویەو بەهۆی ئاغای «فخرداعی» بە فارسی وەرگێر دراوەتەوە.

تەواو